# یەکێتی بابەت لە ڕەخنەی کوردی کرمانجی ناوەڕاستدا (1950-1970)

دیلمان قادر أحمد، زانیار ساڵح علی
بەشی زمانی کوردی، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان

**پوختە**

لە چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیەداو، بە ئامانجی دیاریکردن و تێگەیشتن لە دیارترین چەمکی ڕەخنەیی قۆناغەکە (یەکێتی بابەت) لە ڕەخنەی کوردی کرمانجی ناوەڕاستدا، کۆمەڵێك تێڕوانینی ڕەخنەیی لەلای ڕەخنەگران و شاعیرانی ئەو قۆناغە خراونەتە ڕوو، هەتا لەو ڕێگەیەوە سەرلەنوێ ئاوڕیان لێبدرێتەوەو، چەمکی (یەکێتی بابەت)یش لەوچوارچێوەیەدا دیاری بکەین.

توێژینەوەکەش لە دەستپێکێك و سێ بەش پێك هاتووە. لە دەستپێکدا وەك دەروازەیەك بەڕووی توێژینەوەکەدا، باسمان لە چەمکی یەکێتی بابەت و پەیوەندی بە دەقی شیعرییەوە کردووە. هەروەها سەرەتایەکمان لەبارەی یەکێتی بابەتەوە لەسەرەتاکانی ڕەخنەی کوردیدا خستۆتە ڕوو. لەبەشی یەکەمدا ڕوومان لە ڕەخنەی جیهانی کردووەو، چەمکی (یەکێتی بابەت)مان لەڕوانگەی ڕەخنەی (ئەوروپی و عەرەبی)هوە خستۆتە ڕوو. لەبەشی دووهەمی توێژینەوەکەشدا هەوڵمان داوە تێڕوانینە ڕەخنەییەکانی ڕەخنەی کوردی لەو قۆناغەدا لەبارەی یەکێتی بابەتەوە وەربگرین و ڕوونیان بکەینەوە. دواترو لە بەشی سێهەم دا بە پێی توانا بەشێوەی کارەکی (پراکتیك) کارلەسەر چەند دەقێکی کلاسیکی و شیعری نوێی قۆناغەکە کراوە. لەکۆتاییشدا ئەو ئەنجامە نوێیانە خراونەتە بەردەست کە لە ئەنجامی توێژینەوەکەوە پێیان گەیشتووین .

وشەی کلیل: یەکێتی بابەت، ڕەخنەی کوردی، کێش و سەروا، شیعری کلاسیك، شیعری نوێ.

**پێشەکی:**

هەوڵێکی ڕەخنەیی لە شێوەی ئەم توێژینەوەیدا گرنگەو لە جێگەی خۆیدایەتی، ئەمەش تەنها لەبەرئەوە نییە کە دەبێتە هەنگاوێك یان زەمینەیەکی فراوانتر لە هەوڵە ڕەخنەییەکانی پێش خۆی، بەڵکو دەتوانین بڵێین هەتا ئێستە هاوشێوەی ئەم توێژینەوەیە کارلەسەرتێڕوانینی ڕەخنەگران و شاعیرانی قۆناغەکە (1950_1970) لەبارەی (یەکێتی بابەت)هوە نەکراوە.

کێشەی توێژینەوە:

کێشەی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە، ئەگەرچی گەلێك بۆچونی ڕەخنەیی لەبارەی (یەکێتی بابەت)هوە خراونەتە ڕوو، بەڵام بە بۆچونی ئێمە هێشتا ئاوڕ لە تێڕوانینە ڕەخنەییەکانی شاعیرانو ڕەخنەگرانی ئەو کاتە وەکو قۆناغێك نەدراوەتەوە، ئەمەش ئاڕاستەمان دەکا بەرەو چەند پرسیارێك:

1- ئاخۆ تاچەند تێڕوانینە ڕەخنەییەکان خۆماڵین، یاخود لە ڕەخنە جیهانییەکەوە سەرچاوەیان گرتووە؟

2- ئایا تێڕوانینە ڕەخنەییەکان بەسەرتاقیکردنەوەی شاعیرانی قۆناغەکەدا دەچەسپێ؟

گریمانەی توێژینەوە:

گریمانەکانی ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی بابەتی ئیش لەسەرتێڕوانینەکانی قۆناغەکە بکات، هەتا بە چارەسەرو وەڵامێکی گونجاو بۆ پرسیارەکان بگات، گریمانەکانیش ئەمانە:

1- تێڕوانینە ڕەخنەییەکانی قۆناغەکە لە ڕەخنەی جیهانییەوە سەرچاوەیان گرتووە.

2- زۆرجار هەست دەکەین کە تێڕوانینەکان بەسەرتاقیکردنەوە شیعرییەکاندا ناچەسپێن.

سنووری توێژینەوەکە:

- سنوری بابەتی: بابەتی توێژینەوەکە بریتییە لەڕەخنەی ئەدەبی لەلای کوردو لەو چوارچێوەیەشدا ئیش لەسەر یەکێك لە پێوانە ڕەخنەییە گرنگەکان (یەکێتی بابەت) دەکا.
- سنوری شوێنی: ژینگەی شوێنی ئەم توێژینەوەیە (کرمانجی ناوەڕاست) لەخۆی دەگرێت.
- سنوری کاتی: ماوەی دیاریکراوی ئەم توێژینەوەیە قۆناغی (1950-1970) دەگرێتەوە.

ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە بەشێوەیەکی گشتی تێڕوانینە ڕەخنەییەکانی ڕەخنەگرانو شاعیرانی قۆناغەکە لە بارەی پێوانەی (یەکێتی بابەت)هوە، وەربگرین.

گرنگی توێژینەوەکە:

زیاتر گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا دەردەکەوێت، کە ئاوڕدانەوەیەکی جدیو زانستیانەیە لە تێڕوانینە ڕەخنەییەکانی قۆناغەکە، هەتا لەو ڕێگەیەوە بە بۆچونی ڕەخنەگرانو شاعیرانمان ئاشنابین، چونکە پێش ئێمە ئەگەر شتێك لەبارەی (یەکێتی بابەت)ەوە گوترابێت، ئەوا بەو شێوە فراوانە سوودی لە تێڕوانینە ڕەخنەییەکانی ئەو قۆناغە وەرنەگرتووە.

میتۆدی توێژینەوەکە:

لە چوارچێوەی کاری ئەم توێژینەوەیە دا، پشتمان بە ڕێبازی (مێژووی وەسفی شیکاری) بەستووە.

ئاستەنگەکانی بەردەم توێژینەوەکە:

فەوتان یاخود بەردەست نەبوونی ژمارەیەکی زۆری ئەو گۆڤارو ڕۆژنامانەی کە لەو قۆناغەدا هەبوون، ئەمەش تا ڕادەیەك لەچوارچێوەی گومانی ئەوەدا کە لەوانەیە وتارێك هەبێتو ئێمە نەمانبینیبێت، دەمان هێڵێتەوە. هەر بەو هۆیەشەوە ئاستەنگییەکی زۆر بۆ کاری توێژینەوەکە درووست بووە.

هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:

ئەگەرچی هەندێك تێڕوانین و ڕاو بۆچوون لە بارەی (یەکێتی بابەت)ەوە خراونەتە ڕوو، بەڵام هێشتا سەربەخۆ نینو وەك بەشێك لەبابەتێکی تر مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، هەر لەبەر ئەوەش ئێمە بەباشمان زانی، بەشێوەیەکی سەربەخۆو فراوان کار لەسەر (یەکێتی بابەت) بکەین.

توێژینەوەکانی پێشووتر:

ئەگەر ئاوڕ لە ڕەخنەی کوردی بدەینەوە، ئەوا هەست بە هەژاری ڕەخنەی کوردی لەبارەی (یەکێتی بابەت)ەوە دەکەین، لەکاتێکدا لەهەر کاتو سەردەمێکدا بێ، (یەکێتی بابەت) یەکێکە لەگرنگترین پێوانە ڕەخنەییەکانی شیعر. لەوبارەیەوە قسەیەکی کەم کراوە، لەدیارترین ئەو بۆچونانەی کە لەبارەی (یەکێتی بابەت)ەوە خراونەتە ڕوو، کتێبێکە بەناوی (بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا)، کە لە بنەڕەتدا (نامەی ماستەر)ەو (دوکتۆر دڵشاد عەلی) نووسیویەتی، لەو توێژینەوەیەدا ڕەخنەگر وەك بەشێك لە بنیاتی هەڵبەست ئاوڕی لە (بابەتی هەڵبەست) داوەتەوەو، چوار بنیاتی بۆ دیاریکردووە، کە ئەوانیش (بنیاتی سادە، بنیاتی لێکدراو، بنیاتی تێکەڵ، بنیاتی ئاوێتە)ن.

پلانی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە لە دەستپێکێكو سێ بەش پێکدێت. لەبەشی یەکەمدا گەڕاوینەتەوە سەر ڕەخنەی جیهانیو لە چوارچێوەی (ڕەخنەی ئەورووپیو عەرەبی) دا ئاوڕمان لە چەمکی (یەکێتی بابەت) داوەتەوە. ئەم بەشە زەمینەسازییەکی مێژوویشە بۆ بەشی دووهەم. لەبەشی دووهەمیشدا گەڕاوینەتەوە سەر تێڕوانینە ڕەخنەییەکانی ڕەخنەگرانو شاعیرانی قۆناغەکەو ڕوونمان کردۆتەو سەرنجی خۆمانمان لەسەر دەربڕیوە. لەبەشی سێیەمیشدا تاقیکردنەوەی شاعیرانی قۆناغەکەو چەند دەقێکی کلاسیکی (چونکە دەقی کلاسیکیش بەشێکی گرنگو تەواوکاری تێڕوانینەکانە، بەبێ ئاوڕدانەوە لە دەقی کلاسیك، تێڕوانینەکان کرچو کاڵ دەبنو توێژینەوەکەش بەها لەدەست دەدات) شمان وەرگرتووەو، هەوڵمان داوە بەشێوەیەکی پراکتیکی بەسەر دەقەکاندا جێبەجێیان بکەین.

**دەستپێك:**

هەر لەسەرەتای دەرکەوتنو تۆمارکردنی دەقی ئەدەب (شیعر)ی کوردی، ئەوا ڕاستەوخۆ جۆرێك لە بۆچونی ڕەخنەیی درووستکردووە. قوتابخانەی شیعری کلاسیکی ناوچەکەش، کە بە (قوتابخانەی شیعری بابان)، ناسێنراوە، ئەوا لەو بۆچونە ڕەخنەییە بەدوور نەبووە، بۆ ئەوەی شیعرێکی سەرکەوتوو لەگەڵ شیعرێکی سەرنەکەوتوودا جیا بکرێتەوە، پێودانگو پێوانەی ڕەخنەیی تایبەت بەخۆی هەبووە، بەڵام ئەم تێڕوانینەش چەند پرسیارێکی زۆر بەجێو مەنتیقی دێنێتە گۆڕێ، کە ئاخۆ ئەو پێوانانە چین کە شیعری کلاسیکی ئەم قوتابخانەیەی لەسەر بنیاتنراوە؟ ئەو دەقە ڕەخنەییە چییە کە لەدوای دەقی شیعری کلاسیکی ئەو قوتابخانەیەوە درووست بووە؟

ئەگەر بە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیماندا بچینەوە، ئەوا زۆر بە ئاسانی دەتوانین ئەو وەڵامەمان چنگ بکەوێت، چونکە زۆر بەڕوونی ئەوە ئاشکراکراوە، کە ئەو ڕەوتە شیعرییە بەو سیماو شەقڵەوە، ئاوی لە (ڕەخنەی عەرەبی ئیسلامی) یەوە خواردۆتەوەو، بە شێوەیەك دەتوانین ڕێژەیەکی هەرەزۆری پێوانە ڕەخنەییەکانیان لە شیعری کلاسیکی ئەو قوتابخانەیەدا بدۆزینەوە. لەوانە (کێشی عەروزو، سەروای عەروز) * (لە دیارترین پێوانەشیان (یەکێتی دەق)ە، کە ئەوان بە چەند شێوەیەك وەکو (وحدة الموضوع)، (وحدة العضوية)، (وحدة مناخ الشعري)، (وحدة القصيدة)، ناویان بردووە.

هەرچی وەڵامی پرسیاری دووهەمیشە، ئەوا سەرەتا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین، لە ئەنجامی گۆڕانکارییە ئەدەبییەکانی گەلانی ناوچەکەو دەوروبەری، ئەدەبی کوردی بە گشتیو شیعر بە تایبەتی ڕووی لە قۆناغێکی نوێ کرد، بە شێوەیەك هەوڵی دا لە ئاست ئەو گۆڕانکارییە فیکریو کۆمەڵایەتییەدا بێت، کە بەسەر ناوچەکە بە گشتیو کوردستان بەتایبەتیدا هات. ڕەخنەی کوردی لەم قۆناغەدا هەستا بە دیاریکردنی ئەرکی

شیعر بەوەی پێویستە گوزارشت لە ناوەوەی تاکی کورد بکاتو، ببێتە تۆمارێکی دەروونی شاعیر. بەم شێوەیەش پێوانە ڕەخنەییەکان کە پێشتر شاعیرانی کورد لە (ڕەخنەی عەرەبی ئیسلامی)یەوە وەریان گرتبوو، دووبارە بە کاریگەری نەتەوەکانی (عەرەبو تورکو فارس)، گۆڕانیان بەسەردا هات. بە شێوەیەك ڕەخەی کوردی لەو قۆناغەدا بە کاریگەری تێڕوانینە ڕەخنەییە (ناوچەیی) **هکەوە، ئەو تێڕوانینەی درووستکرد کە شیعری کلاسیکی کوردی یەکێتی بابەتی تیادا نییە، هەر بۆیە دەبێت وازلەو شێوازە بهێنرێت کە شیعری کلاسیکی پێ دەنووسراو ڕوو لە شێوازێك بکرێت، کە ئەو ئامانجە (یەکێتی بابەت) بەدی دەهێنێت.

بە بۆچونی ئێمە ئەگەر تەماشای سەرەتاترین دەقە ڕەخنەییەکانی بیستەکانی سەدەی بیستەم بکەین، ئەوا لە ڕووپەڕی ڕۆژنامەکاندا بۆ یەکەم جار (شێخ نووری شێخ ساڵح) ئەو باسەی وروژاندووە، بەشێوەیەك ئەو بە دیاریکردنی چەمکی (یەکێتی بابەت) سنورێکی لە نێوان شیعری کلاسیك (قوتابخانەی بابان)و شیعری نوێی کوردی کێشاوەو دواتریش لەسەر دەستی (گۆران)ی شاعیر ئەو بابەتە زەقکرایەوەو بوو بە پێوانەیەك بۆ قسەکردن لەسەر شیعری کلاسیکیو جیاکردنەوەی لە شیعری نوێی کوردی.

بەڵام بە هەر شێوەیەك بێت، پێوانەکان بۆ دیاریکردنی سیماو شەقڵی شیعری هەردوو قۆناغە کە (شیعری کلاسیكو، شیعری نوێ)یە، بە تەواوی خۆماڵی نەبوون، بەڵکو زیاتر سود لە ڕەخنەی جیهانی وەرگیراوەو لە نێویشیاندا، زیاتر ڕوو لە ڕەخنەی کۆنو نوێی عەرەبی کراوە، واتە شاعیرانو ڕەخنەگرانی ئەم قۆناغە (1950-1970) هەمیشە ئاگاداری ڕەخنە جیهانییەکە بوونو لەوێوە توانیویانە تاقیکردنەوەی چاكو سەرکەوتوو ئەنجام بدەن.

لێرەوە ئەم توێژینەوەیە بابەتی ئیش لەسەرکردنی خۆی دەخاتە بەردەستی خوێنەرانی، کە ئەویش گرفتی (یەکێتی بابەت)ە لە ڕەخنەی کوردیدا، چونکە بە بۆچونی ئێمە ئەم پێوانەیە (یەکێتی بابەت) ئەوەندەی پێوانەیەکی گرنگ بووە بۆ شیعر هەتا ڕەخنەی کوردی ئیشی لەسەر بکات، ئەوەندەش گرفتی تێگەیشتنی بۆ خودی چەمکەکەو دەقی شیعری کلاسیکیش درووستکردووە، بەشێوەیەك ڕەخنەی کوردی لەو قۆناغەدا، بۆ دووبەرە دابەشکردووە، بەرەی یەکەمیان پێی وابووە شیعری کلاسیکی کوردی یەکێتی بابەتی تیادا نییەو، بەرەی دووهەمیش بێدەنگی هەڵبژاردووەو لە ناو بەرەی یەکەمدا تواوەتەوە. بە دەربڕینێکی تر ئەوانەی هەڵگری پەیامی نوێکردنەوە بوون، جەختیان لەوە کردۆتەوە کە شیعری کلاسیکی کوردی یەکێتی بابەتی تیادا نییەو پێویستە وازی لێ بهێنرێت، بەڵام بەرەی دووهەم کە بەرگریبیان لە شێوازی شیعری کلاسیکی کردووە هیچ قسەیەکیان لەسەر ئەم بابەتە (یەکێتی بابەت) نەکردووە، بۆیە ئێمە وەکو کێشەیەك لە ناو ڕەخنەی کوردیدا بەدیمان کرد.

بۆ چارەسەری ئەم گرفتە بە پێویستی دەزانین، بۆ ڕەخنە جیهانییەکە بگەڕێینەوە، ئەمیش بە دوو مەبەست: یەکەمیان بە مەبەتستی ئەوەی ئاخۆ تێڕوانینە ڕەخنەییەکان لە نێو ڕەخنەی کوردیدا لەبارەی (یەکێتی بابەت)هوە تا چەندێك پەیوەندیان بە ڕەخنە جیهانییەکەوە هەیە. دووهەمیشیان هەتا ڕەگو ڕیشەی تێڕوانینەکان لەبارەی (یەکێتی بابەت)هوە لەڕەخنە جیهانییەکەدا بدۆزینەوەو پیشانیان بدەین.

## بەشی یەکەم: یەکێتی بابەت لە ڕەخنەی جیهانیدا

لەسەرەتاداو بۆ تێگەیشتن لە ڕەخنەی ئەوروپی، پێویستە ئاوڕ لە ڕەخنەی ڕەسەن( ڕەخنەی پێش کلاسیك)ی ئەوروپی بدەینەوە، کە ئەویش، خۆی لە گفتوگۆ ڕەخنەییەکانی سەردەمی یۆنانو بەدیاریکراوی بۆچونەکانی (ئەفلاتونو ئەرەستۆ)دا، دەبینێتەوە. ئەوەش ڕوونە ڕەگ و ڕیشەی زۆرێك لە بابەتە ڕەخنەییەکانی ئەمڕۆ بۆ ئەو سەردەمە دەگەڕێتەوە. یەکێك لەو چەمکانەی کە هەر لەو سەردەمەوە گفتوگۆی لەبارەوە کراوە بریتی بووە لە (یەکێتی بابەت.(

بەشێوەیەکی گشتی (ئەرەستۆ) لە چوارچێوەی ئەو تێڕوانینانەیدا، کە لەبارەی (شانۆنامە)وە خستونیەتییە ڕوو، پێی وابووە شاعیر دەبێت، یەکێتی دەقەکەی بپارێزێت، ئەو یەکێتییەش لە ئەنجامی یەکێتی بەشەکانی دەقەکەوە سەرچاوە دەگرێ. بە بۆچونی (ئەرەستۆ) شیعر لە کۆمەڵێك بابەت پێکدێت، بەڵام لە چوارچێوەی دەقەکەدا یەکدەگرنو ئاوێتە دەبن، هەتا کۆتایی دەقەکە بەو شێوەیە بەردەوام دەبن، لەئەنجامدا وەکو یەك پارچەی لێ دێو ناتوانرێ لە یەکتری جیا بکرێتەوە، واتە بە بۆچونی (ئەرەستۆ) پێویستە بەشەکانی دەق بەشێوەیەك بەیەکەوە بەسترابێتنەوەو پەیوەندیان بەیەکەوە هەبێت، لەگەڵ لابردنی هەر بەشێك لەدەقەکە، بەشەکانی تر واتا نەدەن بەدەستەوە، یاخود واتای گشتی دەقەکە تێك بچێت، کەواتە ئەو بەشەی دەق کە بەلابردنی واتای دەق ناگۆڕێ، ئەوا زیادەیەو پێویستەلابرێ[1] .

بەڵام بەهەر شێوەیەك بێت ئەو تێڕانینەی (ئەرەستۆ)، بۆ شیعری کوردیو گەلانی تری وەکو (عەرەبو فارس) دەست نادات، چونکە هەتا ئەو قۆناغەی کە ئێمە بۆ توێژینەوەکەمان دیاریمان کردووە، دەقی شیعری لە چوارچێوەی ئەدەبیاتی ناوچەکە بە کوردیشەوە، هەر لە جۆری (لیریك) بووەو، بۆچونەکانی (ئەرەستۆ)ش، ئاڕاستەی (شیعری درامی) کراوە.

دواترو لە ئەنجامی سەرهەڵدانی (ڕێبازی ڕۆمانتیك)دا، ئەم باسە درێژەی كێشاو، (كۆلریدج) لە چوارچێوەی تیۆرەكەیدا (تیۆری خەیاڵ)، بابەتی (یەكێتی بابەت)ی كردە پێوانەیەكی گرنگی هەڵوێستە ڕەخنەییەكانی لەبارەی شیعرەوەو پێی وابوو"بەهۆی خەیاڵەوە یەكێتی بابەت لە دەقێكدا بەدی دێت و سەرچاوەی تاقیكردنەوە شیعرییەكەش دەروونی شاعیرەو، لەگەڵ تاقیكردنەوە گشتییەكاندا خۆی دەگونجێنێت [2] .

هەرچی لەبارەی چەمكی (یەكێتی بابەت)هوەیە، ئەوا لەسەر دەستی (تۆماس ئیلیەت (T.S.Eliot -داهێنراوەو گەشەی كردووە، بەم شێوەیەو لە تێڕوانینی ئیلیەت دا یەكێتی بابەت واتە"بوونی هاوسەنگیی‌و تێككردنەوەو گونجانێكی زۆر پوخت لە نێوان فۆرمو مانادا. ئەم گونجانەی نێوان فۆرمو مانا لەلای خوێنەر هەڵچوونێكی دەروونی هاوشێوە درووست بكا "[3].

بەم شێوەیەو لەگەڵ گەشەكردنی (شیعری لیرك)و وردبوونەوەی زیاتر، تێڕوانینە ڕەخنەییەكان لەو بارەیەوە، چەمكی (یەكێتی بابەت)، گۆڕا بۆ یەكێتییەكی دەروونی دەق، كە لەئەنجامی یەكگرتنی فۆرمو ناوەڕۆكی دەقەوە سەرچاوەی گرتووەو، لەو ڕێگەیەشەوە (دەق) دەتوانێ لەسەر دەروونی خوێنەرەكەی كاریگەری بەجێ بهێڵێ.

لەگەڵ بڵاوبوونەوەی زاراوەی یەكێتی قەسیدە لە ڕەخنەی عەرەبیدا، یان ئەوەی كە پێی دەوترێت یەكێتی بەشەكانی دەق لە شیعری عەرەبیدا، تاكو ئێستا هیچ واتایەكی تەواوی نەداوەتە دەستەوە، هۆكاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، كە ئەم چەمكە لەلای ڕەخنەگرانی عەرەب زۆر بەڕوونی نەخراوەتە ڕوو. لەبەرئەوەی ڕەخنەی عەرەبی ئیشی لەسەر یەكێتی بەیت كردووە. هەروەها ڕەخنەگرە كۆن‌و نوێیەكانی عەرەب بە شێوەیەكی زۆر چڕ هەوڵیان داوە بۆ دیاریكردنی مەبەستی یەكێتی قەسیدە. بەو شێوهیەو لە ئەنجامی ئەو هەوڵانەدا كۆمەڵێك تێڕوانین‌و بۆچونی جیاواز لەوبارەیەوە، بەپێی ئەو ڕێبازو میتۆدانەی كە هەڵیان بژاردبوو درووست بوون. لەبەر ئەوە (چەمكی یەكێتی دەق) خاوەنی چەمكێكی جێگیر نەبوو، بەڵكو بەپێی تێڕوانینی ڕەخنەگران گۆڕانی تێدا درووست بووە.

ڕەخنەگران بە شێوەیەكی گشتی زاراوەی (یەكێتی پارچەو بەشەكان)یان دایە پاڵ قەسیدە، كە مەبەست لێی بەیەكەوە بەستنی هەموو بەشەكانی قەسیدەیە. سەرەتای ئەم زاراوەیەش دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاكانی پرۆسەی نوێكردنەوەی شیعری عەرەبی. چونكە لەم قۆناغەدا شیعری نوێی عەرەبی كاریگەربوو بە پرۆسەی نوێكردنەوە لە ڕەخنەی ئەوروپی دا. ئەمەش بە خوێندنەوەی ڕەخنەو بۆچونە ئەدەبییەكانی شاعیران‌و ڕەخنەگرانی ئەو قۆناغەی شیعری عەرەبی زیاتر ڕوون دەبێتەوە.

لەم بارەیەوە (خەلیل مەتران) بە یەكەم كەس دادەنرێت، كە پێی وابووە لە شیعری كۆنی عەرەبی دا، "هیچ پەیوەندییەك لە نێوان واتاكانی كە دەقێك لە خۆی گرتووە نەبووە، هەروەها هیچ پەیوەندییەك لە نێوان بەشەكانی دەقێكی دیاریكراودا نەبووە، یەك واتای گشتیش، كە بەشەكانی قەسیدەیەكی بە شێوەیەكی بەهێز لەسەر بنیات بنرێت نەبووە. بەڵام لەیەك قەسیدەدا كۆمەڵێك بابەتی جیاواز هاتووە بە بێ ئەوەی هیچ ڕیزبەندییەك‌و پەیوەندییەك لە نێوان واتاو كەرەستە جیاوازەكانی دەقەكە بەدی بهێنرێت"[4].

هەروەها (د.موحەمەد مەندوور) پێی وایە كە یەكێتی قەسیدە چیرۆكێكی دورودرێژی لە ڕەخنەی عەرەبی كۆن‌و نوێدا هەیە، هەروەها تێگەیشتن لە چەمكی یەكێتی قەسیدە قوڵبوونەوەی دەوێت، سەرەتا ئەم چەمكە زۆرجار مەبەست لێ (یەكێتی مەبەست) بووە، "لەبەرئەوەی قەسیدە لەسەرەتای دەركەوتنییەوە بە شێوەیەكی خۆكرد گرنگی بە یەكێتی مەبەست داوە. ئەگەر شاعیر شیعرێكی بگووایە لەو كاتەدا بەشێوەیەك لە شێوەكان یەكێتی هەستی‌و دەروونی لەخۆی دەگرت، كە گوزارشتی لە تاقیكردنەوەیەكی خودی شاعیر كردووە"[5].

(دوكتۆر مورشید ئەلزبێدی) پێی وایە هۆكاری جیاوازی ڕەخنەگران‌و توێژەرەكانی عەرەب لە شیكردنەوەی قەسیدەی كۆنی عەرەبیدا بۆ دیاریكردنی (یەكێتی قەسیدە) یە كە "ئاخۆ جۆری ئەو یەكێتییە لە قەسیدەدا (یەكێتی نێوان پارچەكانی قەسیدەیە، یاخود یەكێتیی بابەتی، یاخود یەكێتی دەروونی)یە. هەروەها زۆربەی جیاوازییەكان لەسەر چەمكی (یەكێتی بەشەكانی قەسیدە) درووست بوون. بە شێوەیەك زۆرێك لە ڕەخنەگران پێیان وابوو كە پێویست ناكات یەكێتی قەسیدە لە شیعری لیریكدا هەبێت"[6] . هەموو ئەو بۆچونانە ناچارمان دەكەن ئاوڕێك لە بنیاتی قەسیدە بدەینەوە، چونكە ناسینی سرووشت‌و بنیاتی هونەری قەسیدە ، بۆ درككرن بە ڕەگ‌و ڕیشەی گرفتی یەكێتی بابەت لە ڕەخنەی عەرەبیدا یارمەتیدەر دەبێت.

قەسیدەی  كۆنی عەرەبی هەندێك تایبەتمەندی تایبەت بەخۆی هەبووە، كە وای لێكردووە لە بابەتە ئەدەبییەكانی تر جیا بكرێتەوە. بۆ دیاریكردنی چەمكی (قەسیدە)ش دەگوترێ:" خاوەنی یەك كێشەو لەهەموو بەیتەكاندا وەك یەكە، هەر بەیتێكیش سەربەخۆیەو جیییایە لەوەی لەپێش‌و لە دوایەوە دێت، بە دەنگێك كۆتاییان دێت، كە پێی دەگوترێت سەروا، هەموو ئەمانەش بەیەكەوە پێیان دەگوترێت قەسیدە"[7].

هەرچی لە ڕووی بابەتی (قەسیدە)شەوەیە ئەوا بەشێوەیەكی گشتی زیاتر لە بابەتێكی لە خۆی گرتووە، هەندێكیان"سەربەخۆ و سەرەكین وەك شانازیی‌و ئازایەتی، ستایش، داشۆرین، لاوانەوەو هەندێك بابەتی پاشكۆو ناسەربەخۆی وەك غەزەل، سروشت، مەستی، دانایی ئامۆژگاری" [8] .
بەڵام بە شێوەیەكی گشتی قەسیدەی كۆن بە یادكردنەوەو باسكردنی شوێن دەستی پێكردووە.

هەروەها پەیکەری قەسیدەی کۆن لە سێ بەشی گرنگ پێکهاتووە، ئەوانیش "سەرەتا (المبدأ)، دەرچوون (الخروج)، کۆتایی (النهایە)"[9] بوون، چونکە ئەم سێ بەشە بەیەکەوە پەیکەری قەسیدەیەك تەواو دەکەن‌و، بە ئامادەبوون‌و جێگرتنی ئەم سێ بەشە لە بنیاتی قەسیدەیەك دا بە شێوەیەکی بەهێز کاریگەری درووست دەکەن. هەر بۆیە ڕەخنەی کۆنی عەرەبی زۆر بە گرنگییەوە جەختی لەسەر ئەو جۆرەی بنیاتی قەسیدە دەکردەوەو هانی شاعیری دەدا بۆ ئەوەی بە جوانترین شێوە دەستپێکی قەسیدەکەی بنووسێتەوە، چونکە سەرەتای قەسیدە ئەگەر جوان‌و کاریگەربوو، ئەوا هانی خوێنەرەکەی دەدا کە تا کۆتایی لە خوێندنەوەی یاخود گوێگرتنی دەقەکە بەردەوام بێت.

لەبارەی (دەرچون – الخروج) یشەوە، ڕەخنەی کۆنی عەرەبی بەگرنگییەوە بۆ ئەو بەشەی قەسیدەشی ڕووانیوەو، بە پێویستیان زانیوە شاعیر بە جوانترین شێوە لە بابەتێکەوە بۆ بابەتێکی تر بچێت. لەو بارەیەوە پێیان وابووە لەسەر شاعیر پێویستە لەگەڵ کۆتایی هاتنی دەستپێك، شاعیر پەنا بۆ جوانی دەرچوون بەرێت بۆ چوونە سەر بابەتی خۆشەویستی‌و پاشان بۆ باسکردنی گەشتەکەیی‌و لە کۆتایشدا بۆ بابەتی ستایش. هەموو ئەمانەش بۆ ئەوە بووە شاعیر سەرکەوتووانە کاریگەری لەسەر گوێگرەکەی درووست بکات، بۆ ئەم مەبەستەش (ئەبا هیلال ئەلعەسکەری) بە پێویستی دەزانێت"شاعیر گرنگی بەجوانی دەرچون بدات، بە واتای تازەو وشەی جوان‌و ڕازاوە کۆتایی بە قەسیدەکەی بهێنێت... بەیتی کۆتایی قەسیدەکەی جوانترین بەیتی بێت‌و ئەو بابەتەش لەخۆی بگرێت، کە قەسیدەکەی لەسەر بنیات دەنێت"[10].

کەواتە هەموو ئەم تێڕوانینانە دەمانگەیەنێتە ئەوەی بڵێین کە گرنگیدان‌و جەختکردنەوە لەسەر بەشی دووهەم(جوانی دەرچوون- الحسن التخلص)ی قەسیدەی عەرەبی بۆ درووستکردن‌و بنیاتنانی یەکێتی بابەت بووە، ئەمەش بۆ لەیەکدان‌و پێکەوە بەستنەوەی کاردانەوەو هەڵچوونە دەروونییەکانی شاعیر بووە لە چوارچێوەی دەقێکی دیاریکراودا، وەك ئەوەی (دوکتۆر ڕەمەزان) دەڵێ:"مەبەستی شاعیر لە باسکردنی بابەتی یەکەم‌و دووهەمی قەسیدە ڕەخساندنی بارودۆخێکی دەروونییە بۆ ئەوەی شاعیر لەو ڕێگەیەوە قەسیدەکە ئامادە بکات بۆ باسکردنی بابەتی سەرەکی قەسیدە، کە بابەتی ستایشە ئەم یەکێتی بابەتەش لە ڕێگەی ئەو بەیتانەی قەسیدەوە درووست دەبێت، کە پێیان دەگوترێت (حسن التخلص)"[11]. سەرهەڵدانی ئەو بۆچونەی کە پەسەندی (جوانی دەرچون)ی دەکرد، لەخۆوە نەبوو، چونکە لەو قۆناغەدا (بەیتەکانی قەسیدە جۆرێك لەسەر بەخۆییان لە خۆیاندا هەڵگرتبوو، چونکە دەبوو واتای هەر بەیتێك لە بەیتەکە خۆی دا تەواو بکرایە) ، ئەویش بە هۆی جیاوازی بابەتەکان، بەڵام بەهۆی (جوانی دەرچوون)هوە ئەو جیاوازیانە نامێنێت‌و یەکێتییەکی دەروونیان درووست دەکەن.

بەڵام لە دوای ئەو قۆناغەوە، هەڵوێستێکی تری ڕەخنەیی لەلای عەرەب درووستبوو، کە پێی وابوو دەبێت وەکو هونەرە پەخشانییەکانی تر، قەسیدەش لە ڕووی زنجیرەی بابەت‌و واتاکانەوەو بەدوای یەکدا هاتنی بەشەکانیەوە، مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ، لەم بارەیەوە (ئین تەبا تەبا) دەڵێ:"پێویستە شاعیر هەوڵبدات پەیوەندییەکی جوان لە نێوان وشەکانیدا درووست بکات، لەگەڵ ئەوەشدا نابێت واتای دووهەم لە گەڵ واتای یەکەمدا جیاواز بێت، بەڵکو پێویستە پەیوەندییەك لە نێوانیاندا هەبێت‌و بەیەکەوەیان ببەستێتەوە، چونکە شیعر لە پەخشان دەچێت "[12].

هەر لەو بارەیەوە (حاتەمی) دەڵێ:"قەسیدە وەك مرۆڤ وایە، هەموو ئەندامەکانی پەیوەندییان بەیەکترییەوە هەیە، هەرکاتێك یەکێك لەو ئەندامانە جیاببێتەوە ئەوا ڕێکی‌و گونجاوییەکەی لەدەست دەدات، وەك ئەوەی کەموکوڕی هەر ئەندامێکیش کێشە بۆ جەستە درووست دەکا"[13] . لە ئەنجامی ئەم تێڕوانینە ڕەخنەییەوە، قەسیدەی عەرەبی وەکو نامەی هونەری‌و وتاری کورتی لێ هات، کە هیچ بەشێکی لەبەشەکەی تری جیا نابێتەوە.

بەم شێوەیەو بەهۆی کاریگەربوونی ڕەخنەگرانی ئەو قۆناغە بە هونەرە پەخشانییەکان، لە ڕووی بەیەکەوە بەستنی بەشەکان‌و بابەتەکانی قەسیدە، هەوڵی نوێکردنەوەی قەسیدەیان دا، هەربۆیە لەسەدەکانی (دووهەم و سێهەمی) کۆچیدا، بەشێك لە ڕەخنەگران لەگەڵ یەکێتی کێش‌و سەروا، داوای یەکێتی بەشەکانی قەسیدەیان دەکردو ئەوەش کرا بە پێوەرو بنەمای داهێنان‌و سەرکەوتوویی شاعیر، لەم بارەیەوە (عومەر بن لجا) ڕوو لە چەند شاعیرێك دەکا و دەڵێ:"من لە ئێوە شاعیرترم، وتیان چۆن؟، وتی: ئەو بەیتانەی من دەیانڵێم برای یەکترن، بەڵام ئەو بەیتانەی ئێوە دەیڵێن وەك ئامۆزان"[14] . بەڵام دواجار هەوڵی بە پەخشانکردنی قەسیدە لە ڕووی پێکەوەبەستنی بەشەکان‌و درووستکردنی یەکێتی بابەتەوە برەوی نەسەند، بەڵکو لەهەمان ساتەوەختدا ئەو بۆچونەش هەبوو، کە پێی وابوو قەسیدەی سەرکەوتوو ئەو جۆرەیانە کە پەیڕەوی بنیاتی هونەری قەسیدەی کۆن دەکا، لەو بارەیەوە (ئیبن ڕەشیق) دەڵێ:"خەڵکی شیعرێك بەباش دەزانن، کە بەشێکی لەسەر بەشەکەی تری بنیات نرابێت، بەڵام من ئەو شیعرە بەباش دەزانم، کە بەیتەکانی سەربەخۆبن‌و پیوەندییان بە بەیتەکانی پێش‌و دوای خۆیانەوە نییە، ئەگەر بەو شێوەیە نەبوو ئەوا کەم‌و کوڕی تێدا دەبێت، تەنیا لە بابەتە دیاریکراوەکانی وەك چیرۆك‌و شێوەکانی تری نەبێت"[15].

هەر لەم بارەیەوە (ئیبن سینان) پێی وابووە، لەناو قەسیدەیەکی دیاریکراودا "پێویستە هەموو بەیتەکان یەکتری تەواو بکەن و هەر بەیتێك پەیوەندی بە بەیتەکانی پێش‌و دوای خۆیەوە هەبێت" [16]. ئەم هەنگاوەش لەلای ڕەخنەگرێکی وەك (ئیبن ئەسیر) نابێتە عەیبەو بەڵکو لەو بارەیەوە دەڵێ:"لە قەسیدەیەکدا ئەگەر بەیتی یەکەم بە بەیتی دووهەمەوە بلکێنرێت، بە هێچ شێوەیەك بە کەم و کوڕی نازانم "[17].

هەرچی بۆچوونی (حازم قەرتەجانی)یشە لەبارەی یەکێتی بابەتەوە ئەوا بە پێویستی زانیوە بابەتە جیاوازەکانی قەسیدەیەك بە یەکترییەوە ببەسترێتەوە، لەم بارەیەوە پێی وابووە"لە قەسیدەیەکا شاعیر لە کاتێکا لە بابەتێکەوە دەچێتە سەر باسکردنی بابەتێکی تر، ئەوا لەبەر پێویستییەکی دەروونییە، چونکە دەروونی شاعیر لەو کاتەدا جۆرێك لە هەڵچوون بە خۆیەوە دەبینێ، ئەو هەڵچوونەش ڕێگای گواستنەوەی بابەتێك بۆ بابەتێکی تر ئاسان دەکا "[18].

بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ڕەخنەی هاوچەرخی عەرەبی لە دیارترین ئەو چەمکانەی کە بە گرنگییەوە کاری لەسەر کردووە (یەکێتی بابەت) بووە، کێڵگەی کارکردنیشی بریتی بوو لە قەسیدەی کۆنی عەرەبی، بە شێوەیەك تێڕوانین و خوێندنەوە نوێیەکان بۆ (قەسیدەی کۆن) ڕەخنەگرە هاوچەرخەکانی بەرەو گفتوگۆیەکی قوڵ و پڕ لە جیاوازی بردووەو، پێیان وابووە یەکێك لەو بنەمایانەی کە هێڵێکی جیاکەرەوەی گرنگ لە نێوان قەسیدەی کۆن و نوێدا کێشاوە (یەکێتی بابەت) بووە.

ئەگەرچی ئاگاداری ئەو هەوڵە ڕەخنەییانەش بوون کە ڕەخنەگرانی پێشینی عەرەب بۆ پێکهێنانی یەکێتی بابەت لەناو قەسیدەکانیان دا ناویانە، بەڵام بەشێکی هەرە زۆری ڕەخنەگران و شاعیرانی هاوچەرخ پێیان وابووە ئەو یەکێتییەی، کە لە قەسیدەی کۆنی عەرەبیدا جەختی لەسەر کراوەتەوە (یەکێتی کێش و سەروا***بووە، لەم بارەیەوە (عەقاد)ی شاعیر دەڵێ:"قەسیدەی کۆنی عەرەبی بنیاتێکی یەکگرتووی نییەو، لە کۆمەڵە بەیتێکی سەربەخۆو جیاواز پێکدێت، کە هیچ یەکێتییەك لە نێوانیاندا نییە، تەنیا یەکێتی کێش و سەروا نەبێت"[19] . لەم تێڕوانینەی (عەقاد)ەوە بەرەو تێڕوانینی ڕەخنەی هاوچەرخی عەرەبی لەبارەی (یەکێتی بابەت)ەوە هەنگاو دەنێین.

(خەلیل مەتران) لە پێشەکی دیوانەکەیدا لە بارەی شیعرەکانییەوە دەڵێ:"خاوەنی ئەم شیعرانە ملکەچی کێش و سەروا نابێت و لە مەبەستەکەی لای نەداوە، لێرەدا واتای درووست بە وشەی پاراو دەردەبڕدرێت، خاوەنەکەی سەیری جوانی بەیت ناکات، تەنانەت ئەگەر پەیوەندی بە بەیتەکانی پێش و دوای خۆشییەوە نەبێت، یان پشت لە دەستپێك بکات، یان دژی کۆتایی قەسیدە بووەستێتەوە، بەڵکو لێرەدا سەیری جوانی خودی بەیت و ئەو شوێنەش دەکرێت، کە لە قەسیدەکەدا بۆی دیاریکراوە. پاشان سەیری جوانی قەسیدەکە بەشێوەیەکی گشتی دەکرێت، لە ڕووانگەی ڕێکخستنی بەشەکانی و جوانی واتاو هاوتابوونی لەگەڵ وێنەی هونەری داهێنراوو ناوەڕۆکی نامۆدا"[20] . کەواتە بەلای (خەلیل مەتران)ەوە بنیاتی گرنگی قەسیدەی هاوچەرخ یەکێتی و ڕێکخستنی بەشەکانی قەسیدەیە، بۆ ئەوەی واتایەکی گونجاوو ڕێك بدات بە دەستەوە.

هەر لەم بارەیەوە (عەقاد) بە پێویستی زانی بەشەکانی قەسیدە لە چوارچێوەیەکی یەکگرتوودا کۆبکرێنەوە، واتە"قەسیدە کۆمەڵێك بەیتی سەربەخۆ نییە، کە پەیوەندییان بە یەکترییەوە نەبێت، بەڵکو پێکهاتەیەکی دانەبڕاوە، چونکە ناتوانین کۆمەڵێك بەشی دژ بەیەك لە چوارچێوەیەکدا جێ بکەینەوە، پێویستە پەیوەندییەکی بەهێز بەیتە شیعرییەکان بەیەکەوە ببەستێتەوە، ئەو شێوەی یەکگرتنەش دەرونی شاعیر درووستی دەکا"[21].

ئەم تێڕوانینەی (عەقاد) زیاتر ڕۆشنایی دەخاتە سەر مەبەستی ڕەخنەی هاوچەرخ سەبارەت بە (یەکێتی بابەت)، چونکە بەلای (عەقاد)ەوە، شیعری هاوچەرخی عەرەبی (یەکێتی بابەت)ی تێدایەو ئەو یەکێتییەش ڕەهەندێکی دەروونی درووستی کردووە. دوابەدوای ئەمان لەسەر دەستی کۆمەڵێك ڕەخنەگرو لێکۆڵەری هاوچەرخی عەرەبی، لێکۆڵینەوەو گفتوگۆیەکی فراوانتر لەم بارەیەوە ئەنجام درا.

(موحەمەد غنیمی هیلال) پێی وایە لە چوارچێوەی دەقێکی دیاریکراودا (یەکێتی بابەت) ڕێکخستن و بە دوای یەکا هاتنی بیرۆکەکانە ، بە بۆچونی ئەو"یەکێتی قەسیدە بریتییە لە یەکێتی هەستەکان، کە کاریگەرییان لەسەر بابەتی قەسیدە هەیەو وێنەو بیرۆکەکانی قەسیدە ڕێکدەخات، هەنگاو بە هەنگاو هەتا کۆتایی قەسیدەکە بەردەوام دەبێت، لەبەر ئەوەی قەسیدە بنیاتێکی زیندو و یەکگرتووی هەیەو هەر بەشێکیش ڕۆڵی خۆی دەبێت و بەشێوەی ڕزبەندی یەك لە دوای یەك بە پێی ڕزبەندی بیرۆکەو هەستەکان دێن" [22].

(تەها حوسێن) بە پێچەوانەی ڕەخنەگرانی هاوچەرخی، پێی وابووە (یەکێتی بابەت) لە قەسیدەی کۆنی عەرەبیدا هەبووە، ئەمەش لەوێدا دەردەکەوێ، کە لە بارەی (لوبێد)ی شاعیرەوە دەڵێ:"بەهەمان ڕێگەی شاعیری هاوچەرخ گوزارشتی لە بارودۆخە دەرونییەکەی خۆی کردووە"[23]. کەواتە بەم تێڕووانینەی، (تەها حسێن) دەیەوێت پێمان بڵێ تاقیکردنەوەی دەروونی شاعیر دەتوانێت ڕۆڵ لە درووستکردنی یەکێتی بابەتدا ببینێت و، هەر ئەو ڕەهەندە دەروونییەشە لە قەسیدەی کۆنی عەرەبیدا یەکێتی بابەتی درووستکردووە.

لەگەڵ ئەوەشدا کە (تەها حوسێن) [24] پێی وابووە، (یەکێتی بابەت) لە قەسیدەی کۆنی عەرەبیدا بەدی دەکرێ، هۆکاری درووستبوونی ئەو تێڕوانینەش ، کە پێی وابووە لە شیعری کۆنی عەرەبیدا یەکێتی بابەت نەبووە دیاری دەکا:

1- ئەوان لە تەواوی قەسیدەی کۆنی عەرەبیان نەکۆڵیوەتەوە، بەڵکو چەند بەیتێکیان لە قەسیدە وەرگرتووەو تێڕوانینی خۆیانیان لەسەر دەربڕیوە.

2- درووستبوونی ئەو تێڕوانینە لەلای ڕۆشنبیرو خوێنەران، نەگەڕانە بەدوای ڕاستیو درووستی لێکۆڵینەوە ڕەخنەییەکان و هەروەها لە هەوڵی بەدەستهێنانی دەقە کۆنەکاندا نەبوون، چونکە ڕێژەیەکی هەرە زۆریان تا ئەو کاتە چاپنەکرابوون.

کەواتە دەتوانین بڵێین لە ڕەخنەی جیهانیدا (ڕەخنەی ئەوروپیو ڕەخنەی عەرەبی ئیسلامی)دا، گفتوگۆکان لەسەر یەکێتی بابەت لە شیعردا بەردەوام هەبووەو، جێگەی هەڵوەستەو تێڕامان بووە، بەڵکو هەتا قۆناغی نوێکردنەوەی شیعرو ڕەخنە دەربارەی شیعر، ئەم گفتوگۆیە، جا ئیتر بەشێوەی سەربەخۆ، یاخود لە چوارچێوەی گفتوگۆکانی، کە لەبارەی یەکێتی دەق (شیعر)هوە کراوە، هەر هەبووە، بەتایبەت ڕەخنەی عەرەبی ئیسلامی، چونکە لەچوارچێوەی ئەو جۆرەی ڕەخنەدا (یەکێتی بابەت) بوو بەگرفتێك، کە بەدرێژایی بەردەوامبوونی هەتا قۆناغی نوێکردنەوەشی، هەر بە شێوەیەکی ئاڵۆز ماوەتەوەو جێگەی تێڕامانو لێکۆڵینەوە بووە. بەڵام سەرباری ئەوەش دەتوانین بڵێین چەسپاوترین چەمك بۆ بابەتەکە، ئەوەیە کە پێی وایە (یەکێتی بابەت) بریتییە لە یەکێتی هەست و بیرۆکەو خەیاڵ، کە لە چوارچێوەی یەك بابەتی دیاریکراو دەخولێنەوەو، هەر ئەو بابەتەش دەقەکەی لەسەر بنیات دەنرێت .

## بەشی دووهەم: یەکێتی بابەت لە ڕەخنەی کوردیدا

بۆ ئاوڕدانەوە لە چەمکی یەکێتی بابەت لە شیعری ئەو قۆناغەی کوردیدا، وەك سەرەتایەك پێویستە ئاماژە بە ئەو بۆچونەی (گۆران)ی شاعیر بکەین، کە لەبارەی تازەکردنەوەی شیعرەوە ئاماژەی پێکردووە. بەلای (گۆران)هوە سەرەتای تازەکردنەوەی شیعری کوردی بەهۆی کاریگەربوونی (شیعری کوردی) بە (شیعری تورکی) یەوە بووە، لەوەڵامی پرسیارێکدا کە ئاخۆ لەو قۆناغەدا (تازەکردنەوەکە چی بوو؟) دەڵێ:"یەکێتی بابەت (وەحدەی مەوزوع)یان هێنایە کایەوە..." [25]. بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین یەکێك لەسەرەتاترین ئەو چەمکانەی کە گفتوگۆی شیعری نوێی لەسەر کراوە (یەکێتی بابەت) بووە.

وەکو ناساندنی چەمکی (یەکێتی بابەت) یش، ڕەخنەی کوردی (شاعیرانو ڕەخنەگران) وەکو ڕەخنەی عەرەبی کەوتۆتە جۆرێك لە تێکەڵکردنو ئاڵۆزییەوە، بە شێوەیەك لەلایەکەوە نەیتوانیوە پێناسەیەکی ڕوونی ئەم بابەتە (یەکێتی بابەت) بکات و، لەلایەکی تریشەوە وەکو ڕەخنەی عەرەبی پێی وابووە، بە هۆی یەکێتی (کێشو سەرواوە) شیعری (کلاسیکی کوردی) نەیتوانیوە (یەکێتی بابەت) لە خۆیدا بەدی بهێنێت. بەڵام هەرچۆنێك بێت ڕەخنەی کوردی ئەم چەمکەی کرد بەخاڵی جیاکەرەوەی (شیعری کلاسیکی کوردی) لەگەڵ (شیعری نوێی کوردی)، لەم بارەیەوە (سۆران مەحوی) پێی وایە یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی (شیعری نوێ) خۆی لە"ڕەخساندنی یەکێتی بابەت، هەرچەندە شیعرەکەش چووبێتە خانەی (چاکامە یان چامە) یەکی یەکجار دوورو درێژەوە"[26] دەبینێتەوە.

بۆ دیاریکردنی چەمکی (یەکێتی بابەت) لە ڕەخنەی کوردیدا، پێویستە هەنگاوێك بۆ ماوەی پێشتری دیاریکراوی قۆناغی توێژینەوەکە بنێینو، لەوێدا ئاشنای تێڕوانینێکی گرنگی (شێخ نووری شێخ ساڵح)، لە بارەی چەمکی (یەکێتی بابەت)هوە، ببین .

سەرەتا (شێخ نووری)لەبارەی (دەق ئەدەبی)یەوە دەڵێ:"بۆ نووسینی دەقێك، پێویستە هەندێك تایبەتمەندی لەبەرچاو بگیرێت، یەکێك لەو تایبەتمەندیانەش بریتییە لە (یەکێتی)" [27]. لە درێژەی تێڕوانینەکەیدا (شێخ نووری) دەڵێ:"وەحدەت، مەوزوعێکت بەدەستەوەیە کە بینووسی، لەپێش هەموو شتێکا لازمە دیقەت لەوە بکەی کە خەلەل بە وەحدەتی مەوزوعەکەت نەگات. لە دنیادا هیچ مەوزوعێك نیە کە لەگەڵ هەموو مەوزوعێکی تردا، دوورو نزیك بە چەند تاقم عەلائیقو ڕەوابتەوە موحتەوی نەبێ، بنا عەلەیهی لە وەقتێکا کە مەوزوعێکت نووسی، لە پێش هەموو شتێکا لازمە حدودێکی بۆ تەعین بکەیو لەو حدودە نەچیتە دەرەوە "[28].

بەم شێوەیە دەبینین لە سەرەتاترین بۆچونی ڕەخنەیی کوردیدا، بە گرنگییەوە ئاوڕ لە (یەکێتی بابەت) دراوەتەوەو، تا ڕادەیەکیش لە چەمکە درووستەکە بۆ (یەکێتی بابەت) ، کە ڕەخنەی جیهانی بۆ دەق (شیعر)ی دیاریکردووە، نزیك بۆتەوە.

بەڵام هێشتا ئەو تێڕوانینە بە تەواوی ناچەسپێ، چونکە لە دوای وروژاندنی ئەو تێڕوانینەوە، پرسیارگەلێك درووست دەبن، کە ئاخۆ (یەکێتی بابەت) چییە؟، چۆن چۆنی یەکێتی بابەت لە دەقدا بەدی دێ؟ شاعیر چی بکات بۆ ئەوەی کەموکوڕی بەر یەکێتی بابەتی دەقەکەی نەکەوێ؟، کەموکوڕییەکان چینو، چین ئەوانەی کەموکوڕی درووست دەکەن؟

بۆ تێگەیشتنی زیاترو دەستکەوتنی وەڵامی ئەو پرسیارانەی سەرەوە، پێویستە ئاوڕ لەو تێڕوانینانە بدەینەوە، کە لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانو کتێبەکانی ئەو قۆناغە (1950-1970) خراونەتە ڕوو. چونکە لەپێش ئەو قۆناغەوە تێڕوانینێك لە بارەی (یەکێتی بابەت)هوە دەستناکەوێت (ئێمە گەڕاین و دەستمان نەکەوت). بەم شێوەیە لە سەرەتاترین بۆچوندا، نووسەرێك لە دوای ناوی خوازراوی (ئەلف)هوەو، لەژێر ناونیشانی (سەرنجێکی سەرپێیی لە ئەدەبی کوردی)دا، پێی وایە کە (کێشو سەروا) لەمپەرێکی گەورەیە لەبەردەم درووستبوونی (یەکێتی بابەت) لە شیعردا، ئەو بە پێویستی زانیوە شاعیرانی کورد دەستبەرداری کێشو سەروا (یەکێتی کێشو سەروا) ببن، چونکە ڕێگرە لەبەردەم دەربڕینی مەبەستی شاعیر لە دەقەکەیدا، ئەو نووسەرە لە بۆچونێکیدا زۆر بە نیگەرانییەوە دەڵێ:"...(قافیە)و جوانکردنی وشە داخیان زۆرە لە دڵما، چونکە بە ڕاستی زۆر قۆرتیان هێناوەتە کایەوە لە شیعری کوردیدا. چونکە ئەو کەسەی بییەوێ دوایی شیعرەکانی بە (الفـو ڕێ) بینێتەوە ناچار

ئەبێ (مار، شار، دار، پار، هار...) ڕیز بکا، کە هیچیان پەیوەندیان بە یەکەوە نییە، لەبەرئەوە شیعرەکەشی هیچ دێڕێکی پەیوەندی بە دێڕەکەی ترەوە نابێ "[29].

کەواتە بە بۆچونی (ئەلف)، شاعیر لە پێناوی (سەرواى) بەیتی شیعرەکانی، ناچارە وشەی هاوسەروا، بەڵام دوور لەیەك لەڕووی (واتا)وە، وەربگرێت و بەکاریان بهێنێ، ئەمەش وا لە شیعر دەکا، بەهۆی دووری واتای وشەکانەوە، نەتوانرێت یەکێتی بابەتی تیا بپارێزرێت و، گوزارشتێکی تەواو لەو بابەتە بکات کە دەیەوێت.

بەشێوەیەکی گشتی ئەم تێڕوانینە لەبارەی (یەکێتی بابەت) لەلایەکەوەو، (کێش و سەروا) لەلایەکی ترەوە، پاڵی بە شاعیران و ڕەخنەگرانی کوردەوە نا، بۆ ئەوەی، چارەسەرێك بۆ گرفتی (یەکێتی سەروا) بدۆزنەوەو، هەتا ئەوەی بتوانن (یەکێتی بابەت) لە شیعردا بەدی بهێنن، هەربۆیە بەرهەمی بۆچونەکانیان ئەوە بوو وازیان لە یەکێتی (کێش و سەروا) هێنا. بە بۆچونی (ساجد ئاوارە) شیعری نوێ دوای ئەوەی ڕووی کردۆتە باسکردنی ڕووداو و بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، نەیتوانیوە بەهۆی (کێش و سەروا)وە گوزارشتیان لێ بکات، بۆیە بەناچاری وازیان لە کێش و سەروا هێناوە، لەم بارەیەوە دەڵێ:"...بۆ ئەوەی ماوە فراوان بێت، تا بوێژ بتوانێت بیری خۆی بەتەواوی دەربڕێ..! چونکە وەکو زانیمان هەڵبەستی ڕابردوو لە چوارچێوەی وەزن و قافییە دا بوو، شاعیر بە هیچ کلۆجێك نەی ئەتوانی پڕ بە پێستی هەستی خۆی هۆنراوەکانی دابڕێژێت، لەوە ئەترسا نەوەك لە سنوری کێش و قافییە لابدات.. جارەهای جار مەبەست گوم ئەبوو، واتە ناوەڕۆك ئەبوو بەقوربانی وێنە (ڕووخسار)" [30].

لێرەوە بە تەواوی کێشەی نێوان شیعری (کلاسیك)ی کوردی و شیعری( نوێ)ی کوردی، لە تێڕوانینە ڕەخنەییەکانی ئەو قۆناغەدا سەر هەڵدەدات و، لایەنێکی دیاری ئەو کێشەیە (یەکێتی بابەت) بوو، چونکە ئەو بۆچونە دروستبوو، کە پێی وابوو شاعیری شیعری کلاسیکی کوردی، بەهۆی پەیوەستبوون بە (یەکێتی کێش و سەروا)وە، (یەکێتی بابەت)ی فەرامۆشکردووە، یاخود نەیتوانیوە ئەو یەکێتییە لە دەقەکەیدا بەدی بهێنێت.

(نەسرین فەخری) پێی وایە دەربازبوون لە کێش و سەروا لەگەڵ ئەوەی ئازادییەك و هەمەڕەنگییەك لە بنیاتی ئاوازی شیعرەکەدا دروست دەکا، ئەوا لەو ڕووەوە گرنگییەکەی زیاتر دەبێت کە لەگەڵ قسەو واتاو خەیاڵا تێکەڵی یەکتری دەبن و وێنەیەکی یەکگرتوو پێك ئەهێنن [31].

(ڕەفیق حیلمی) لە باسکردنی (گۆران)ی شاعیردا دەڵێ:"(گۆران) خۆی ڕێگەیەکی تازەی وای داناوە لە شیعرا کە ئەشێ بوێژو ئەدیبە تازەکانمان لاسایی بکەنەوەو لەسەری بڕۆن، نەك ئەوەی سەر لە ئاستی تەقالیددا بنوشتێنێتەوە بەڵکو تەقالیدی سەرەوژێر کردووە، لە کاتێکا زۆر کەس ملکەچی قافییە ئەبن، (گۆران) قافییەی ملکەچی خۆی کردووە، بۆ قافیەیەکی تایبەتی ڕەوانی و سەلاسەتی بیری خۆی نەئاڵۆزاندووەو تێك نەداوە..."[32]. بەم شێوەیە، ئەو تێڕوانینە ڕەخنەییەی کە پێی وابوو، بەهۆی (یەکێتی کێش و سەروا)وە ناتوانرێت یەکێتی بابەت لە شیعردا بەدی بهێنرێت، لە ڕەخنەی کوردی ئەو قۆناغەدا چەسپا.

کاتێك باس لە تایبەتمەندییەکانی شیعری نوێ دەکرێ، ئەوا پێویستە ئاوڕ لە تێڕوانینەکانی (کاکەی فەلاح) بدرێتەوە، چونکە (بۆچونەکانی دەچنە چوارچێوەی ڕەخنەی پێش 1970)هوەو، لەزۆر ڕووشەوە تێڕوانینی لەسەر تایبەتمەندییەکانی شیعری نوێی کوردی هەیەو یەکێکیش لەو تایبەتمەندیانە (یەکێتی بابەت) بوو، (کاکەی فەلاح) لە تێڕوانینێکیدا دەڵێ:"لە شیعری کلاسیکیدا شاعیر هەر بەیتێکی بۆ مەبەستێك و بۆ بیرێك ئەهۆنییەوە، لە شیعرکێدا واتە (یەکێتی بابەت) لە ناوا نەبوو، بەڵام لەو سەردەمە بە دواوە ئەم یەکێتی بابەتە کرا بە بنچینەیەك لە بنچینەکانی نوێکردنەوەی شیعری کوردی"[33].

لێرەوە جیاواز لە لایەنی (کێش و سەروا)، لایەنێکی تریش هاتۆتە گۆڕێ، ئەویش ئەو تێڕوانینەیە، کە پێی وابووە، شیعری کلاسیك لە چەند بەیتێکی جیاواز و هەمەجۆر لەڕووی واتاوە پێکهاتووە. ئەمەش بە ڕوونی لە تێڕوانینەکەی (کاکەی فەلاح)دا، دەردەکەوێ. سەرچاوەی ئەم بۆچونەی (کاکەی فەلاح)یش، بە بۆچونی ئێمە، هەر ئەو وتارەی (گۆران)ی شاعیرە، کە لە (گۆڤاری هیوا)داو، لەژێر ناونیشانی (کۆنی و تازەیی لە هەڵبەستا) نووسیویەتی. چونکە (گۆران)یش پێی وایە شیعری کلاسیکی سەرەڕای ئەوەی نەیتوانیوە (یەکێتی بابەت- وحدە الموضوع) بپارێزێت، بەڵکو دەتوانین بە ئاسانی بەیتێك لابەرین، یاخود شوێنی بەیتەکان ئاڵوگۆڕ بکەین، بەبێ ئەوەی واتای دەقەکە تێکبچێت، یاخود هیچ گۆڕانێکی بەسەردا بێت.

(گۆران)ی شاعیر لەو وتارە (کۆنی و تازەیی لە هەڵبەستا)یدا، هەوڵی داوە سنوورەکانی جیاکردنەوەی شیعری نوێ لە شیعری کلاسیك دیاری بکات، یەکێکیش لەو سنوورانە (یەکێتی بابەت)ە. (گۆران) لەو بارەیەوە دەڵێ:"بایەخدان بە ڕازاندنەوەی وێنە، لەگەڵ ئەو ماوە تەسکییەی کە یەکێتی قافییە دروستی ئەکا، هەڵبەستی کۆنی ناچارکردووە یەکێتی بابەت (وحدە الموضوع) بترنجێنێتە ماوەی بەیت. لە غەزەل یان قەسیدەیکا بەیت لە واتا (معنی) دا ئەوەندە سەربەخۆیە کە پیاو ئەتوانێ بەیتەکان بە هەوەسی خۆی پاش و پێش بخات بە بێ ئەوەی هەست بە جیاوازییەك بکرێ، لە هەڵبەستی تازەدا یەکێتی بابەت دابەشکراوە بەسەر هەموو پارچە هەڵبەستەکەدا. لەبەر ئەوە لە پارچەیەك

هەڵبەستی تازەدا، نەك هەر لەبەر جیاوازی قافییە، لەبەر تێكنەچوونی ڕیزپێوەگرتنی بابەتیش، زۆر گرانە تاقە دێڕێك چییە، لە شوێنی خۆی بگوێزرێتەوە"[34].

لەو ڕووەوە یەكێك لە تایبەتمەندییەكانی شیعری كلاسیك لە ڕۆژهەڵات (عەرەبی ئیسلامی)داو، شیعری كلاسیكی كوردیش وەك بەشێك لەو ئەدەبیاتە، بریتی بووە لەسەربەخۆیی بەیتی شیعر لە واتادا، واتە هەر بەیتێك پێویستە واتای تەواو بدات بەدەستەوەو، لە ڕێگەی بەیتەكانی دوای خۆی واتاكەی تەواو نەكرێ، وەكو لە بەشی یەكەمی توێژینەوەكەدا ڕوونمان كردۆتەوە، بەڵام ناتوانین سەربەخۆیی بەیت تێكەڵ بە یەكێتی دەق و یەكێتی بابەت بكەین، چونكە سێ بابەتی جیاوازن و بنەماو پەیڕەوی تایبەت بەخۆیان هەیە.

سەرباری ئەوەش ئەم بۆچونەی (گۆران) ناكاتە ئەوەی پێمان وابێت تەواوی شیعری كلاسیكی یەكێتی بابەتیان تێدا نییەو، لە بەرامبەریشدا بڵێین لە تەواوی تاقیكردنەوە شیعرییەكانی شاعیرانی نوێكاری كوردیدا، لەبەرئەوەی یەكێتی كێش و سەرواى تێكشكاندووە (یەكێتی بابەت) پەیڕەوكراوە، چونكە كاتێك سەیری دیوانی شاعیرانی كلاسیك دەكەین ئەوا پێچەوانەی ئەو بۆچونە ڕەخنەییانەی كە لەو قۆناغەدا لەبارەی (یەكێتی بابەت)هوە خراونەتە ڕوو، دەدۆزینەوە، بەنموونەی دەقەكانی (نەمردم مـن، قوربانی تـۆزی ڕێگەتم، تەبعی شەكەر باری مـن، مەحبووبە...). ئەوە لەكاتێكا دەتوانین هەر لەچوارچێوەی شیعرەكانی (گۆران)دا دەقی وا دیاری بكەین، كە "ئەگەرچی شاعیر (یەكێتی بەیت)ی تێدا پەیڕەو كردووە، بەڵام یەكێتی بابەتیی دەقەكەی نەشێواندووە"[35].

بەم جۆرە جەخت لەسەر ئەو تێڕوانینەی (دوكتۆر دڵشاد عەلی) دەكەینەوەو بە بۆچونی ئێمەش"ئەو تێڕوانینە گشتگیرییە گەلێ نادرووستە كە بەلایەوە شیعری كلاسیكی یەكێتی بابەتو یەكێتی دەق تیا بەدی نەهێنراوە، بەتایبەتی لەو دەقانەدا كە جگە لە جوانی چنینیان، دەربڕین بوون لە موعاناتێكی خودیو كەسی یان گشتی"[36].

(كامەران موكری) لە پێشەكی دیوانی (دیاری)یەكەیدا لە بارەی كۆنیو نوێی شیعر گەلێك بۆچونی دەربڕیوەو، یەكێكیش لە دیارترین ئەو بابەتانەی، كە سەرنجی خۆی لەسەری هەبووە (یەكێتی بابەت)بووەو، دەڵێ:"بەلای منەوە هۆنراوەی سەربەست، مۆسیقاكەی زۆر بەسۆزترە لە هۆنراوەی تر(مەبەستی شاعیر ئەو تاقیكردنەوانەن، كە پەیڕەوی یەكێتی كێش و سەروایان كردووە)و بەریشی فراوانترە بۆ دەربڕینی هەست"[37].

(سەعید ناكام)یش (هەڵگری هەمان تێڕوانینی ڕەخنەیی ڕەخنەگرانی قۆناغەكەیەتی)و پێی وایە پەیڕەوكردنی كێشو سەروا (یەكێتی كێشو سەروا) ئەو دەرفەتە لەبەردەم شاعیردا ناهێڵن بۆ ئەوەی بە ئازادی و بە بێ هیچ زۆرلەخۆكردنێك مەبەستەكەی خۆی دەربڕێت[38].

وەك دیارە، هەتا ئێرە، ڕەخنەی كوردی (شاعیرانو ڕەخنەگران) ئەوەندەی (یەكێتی بابەت)یان كردووە بەگرفتێك، ئەوەندە وەكو تایبەتمەندییو سیمای شیعری نوێ نەیان ناساندووە، هەروەها ناشبینین (یان لەوانەیە نەمان بینیبێت) هەوڵی ناساندنی چەمكی (یەكێتی بابەت)یان دابێت و دیاریان كردبێت، هەربۆیە دەتوانین بڵێین، تێڕوانینەكان زانستی نین و كرچوكاڵن. چونكە لەگەڵ ئەوەی بۆچونەكان بە درووست نازانین، لەگەڵ ئەوەشدا نابینین دەقی شاعیرێك كرابێتە كەرەستەی تێڕوانینەكان و شیكردنەوەیان بۆ كرابێت، بەشێوەیەك لەسەر (یەكێتی بابەت) بوەستێت، بەڵكو بەبۆچونی ئێمە بە سیماو شێوە، بە ناوەڕۆك و مەبەستەوە تەنیا وەرگێڕانو گواستەنەوەی تێڕوانینە ڕەخنەییەكانی نێو (ڕەخنەی عەرەبی) بووەو، بەشێوەی تایبەت لێكۆڵینەوەیەك لەو بارەیەوە نەكراوە، بەڵكو ئەوەی هەبووە تولەڕێیەك بووە بۆسەر مەیدانی كاری ڕەخنەیی بەشێوەیەكی گشتی.

بەڵام ئەوەش ناكاتە ئەوەی، كە پێمان وابێت هەوڵێكی لەو شێوەیەمان نییە، بەڵكو لە چوارچێوەی كتێبێكا بەناوی (كامەرانو هۆنراوەی نوێ) نووسەری كتێبەكە (محمد سدیق عارف – حسێن عارف) لەبارەی شیعری كوردی قۆناغەكەوە بەگشتیو شیعرەكانی (كامەران موكری) بە تایبەتی، چەندین بۆچونی دەربڕیوەو، بەتایبەت لەبارەی (یەكێتی بابەت) لە هۆنروەكانی (كامەران موكری)دا، دەڵێ:"هۆنراوەكانی كامەران لەم بارەیەوە زۆر ناتەواون... بە تایبەتی ئەو هۆنراوانەی كە لە سروشتو هەستی تایبەتی خۆی ئەدوێن، یەكێتی مانایان بە هیچ جۆرێك تیا نابینرێ"[39]. هەر لە درێژەی بۆچونەكانیشیدا دەڵێ:"...باس هەیە مل دەدا بۆ یەكێتی ماناو باس هەیە نە"[40]. لەبارەی ئەو بۆچونەی (محمد صدیق)هوە (دوكتۆر دڵشاد عەلی) دەڵێ:"لە ڕاستیدا چۆنیەتیو چەندێتی بابەت كەمو [زۆر] پەیوەندی بە چەمكی یەكێتی هۆنراوەوە نییە، چونكە گەلێ جار شاعیر باس لە یەك بابەت دەكا، كەچی هۆنراوەكە بنیاتێكی یەكگرتوو ناگرێتە خۆی، هەروەك چۆن ئاساییە كە تاقیكردنەوەكەی بە گەلێ بابەت بەرجەستە بكاتو بنیاتێكی ئاوێتە یاخود یەكگرتویان لێ پێك بهێنێ "[41].

لەئاكامی خستنەڕوو پیشاندانی تێڕوانینە ڕەخنەییەكانی ڕەخنەگران و شاعیرانی قۆناغەكە، ئەو بۆچونەمان لەلا درووست بووە، كە بڵێین سەرجەمی ئەو تێڕوانینانە ئاكامی خوێندنەوەی هەڵەو تێگەیشتنی (ڕەخنەی عەرەبی) بوون و، شاعیرانو ڕەخنەگرانی كوردیش وەكو بەشێكی هەرەزۆری ڕەخنەگران و شاعیرانی عەرەب خوێندنەوەیەكی هەڵەیان بۆ شیعری كلاسیك هەبووە. چونكە دەكەوینە هەڵەوە ئەگەر پێمان وابێت دەتوانین هەبوون و نەبوونی پێوانەیەكی ڕەخنەیی وەك (یەكێتی بابەت) بەسەر شیعری قۆناغێكدا بەگشتی بسەپێنین .

بەشی سێهەم: وەرگرتنی چەند دەقێك و شیكردنەوەیان

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین، ڕەخنەی کوردی قۆناغەکە لەگەڵ ئەوەی (یەکێتی بابەت)ی بە پێویستییەکی گرنگی شیعری نوێ زانیوە، لەو ڕێگەیەشەوە چاوی سەرنجی خستۆتە سەر شیعری کۆن (کلاسیك)و نەبوونی (یەکێتی بابەت)ی لە (شیعری کۆن)دا بە کەم و کوڕی زانیوە. بەبۆچونی ئێمە تێڕوانینە ڕەخنەییەکانی قۆناغەکە، کە لەچوارچێوەی بەشی دووهەمی توێژینەوەکەدا خرانەڕوو نازانستین و ئاکامی تێڕوانینێکی سەرپێین بۆ دەقی کوردی، بەتایبەتیش (شیعری کلاسیك). هەربۆیە بە پێویستی دەزانین لەگەڵ تاقیکردنەوە نوێیەکانی شیعر، ئاماژە بە چەند تاقیکردنەوەیەکی کلاسیکیش بکەین، هەتا لەو ڕێگەیەوە بەڵگە بۆ بۆچونەکانمان بهێنینەوەو، بۆچونەکانیشمان لەسەر ڕەخنەی قۆناغەکە روونترو زانستیانەتربن.

بۆ ئەم مەبەستە ئەگەر چاوێك بە دیوانی شاعیرانی کلاسیکدا بگێڕین ئەوا ژمارەیەکی زۆر تاقیکردنەوەی شیعریمان دەست دەکەوێت، کە یەکێتی بابەتیان تێدا بەدی هاتووە، ئیتر ئایە دەقەکە یەك بابەتی لەخۆی گرتووە، یان زیاتر لە بابەتێك و بەهۆی (ئامرزاێك، جێناوێك، دەربڕینێك، یان بەیتە شیعرێك....هتد)هوە بووبێت یەکێتی بابەتیان تێدا بەدی هاتووە. بە نموونە ئەگەر سەرنج لە (چامەکەی نالی بۆ سالم، نەمردم ئەگەر ئەم جارە بێ تۆ، وەك قەفەس ئەم حوجرە کون تێیە...هتد) بدەین، ئەوە دەبینین نالی زۆر شارەزایانە توانیویەتی یەکێتی بابەت لە دەقەکانیدا بپارێزێت. هەروەها ئەگەر سەرنجی زیاتر بخەینە سەر ئەو دەقەی نالی بۆ (مەستورە)[42] نووسیویەتی و، تێیدا باس لە خەوبینینی خۆی (نالی) بە (مەستوورە)وە دەکا، شاعیر لە بەیتەکانی (1 – 46)، بەشێوەی گفتوگۆ باسی خەوبینینەکەی بە (مەستوورە)هوە، لەگەڵ خودی مەستوورەدا دەکا:

مەستورە کە سناو ئەدیبە بە حیسابێ
هاتە خەوم ئەمشەو بە چ نازو عیتابێ
هاتووم، وتی، عوقدەم هەیە، قەت مومکینە وابێ
هی تۆم ئەگەرەم مەسئەلە حەلکەی بە جەوابێ
هەر مەسئەلە بیکرێ کە بە تۆ شەرحی کرابێ
مومکین نییە کەس دەخلی بکا چین و خەتا بێ
ئایینە بە مایینە دەبێ ڕەنگ نوما بێ
(مەستوورە) بە مەستوورەدەبێ موهرە گوشا بێ

(نالی) لەو چەند بەیتەی سەرەتای قەسیدەکەیدا، باسی (شەیتانیبوون)ی خۆی بە مەستوورەوە دەکا. ئەم باسە هەتا بەیتی (46) بەردەوامی هەیە، کە تیایدا دەڵێ:

هەم جازیبەو قابیلەی ئەخزو عەتا بێ
مەستوورە مەخفی، شەبەهی بادی سەبا بێ
مەستانە هەسڵسێت و بە کوێری ڕوقەبا بێ
ئەم باب زەنە گەرم و تەڕی کا بە کەبابێ

بەم شێوەیە نالی ڕوو لە مەستوورە دەکا و سوپاسی دەکا بۆ ئەوەی ڕێگەی پێداوەو، بۆ ئەو کارە هاوبەشی کردووەو، خواست و ویستی یەکتریان بەجێ هێناوە. بەم شێوەیە ڕەهەندی سێکسی دەقەکە بەرەو دامرکاندنەوە دەچێ. بەڵام لەڕێگەی بەیتی (47) هوە، نالی بەرەو بابەتێکی تر دەچێت، وەك ئەوەی بڵێ پەشیمانە لەوەی لەبەیتەکانی پێشتردا باسیکردووە:

نالی وەرە هەزلێکی کە عاری شوعەرا بێ
ڕوو ڕەش مەکە پێی سەفحەیی هەر لەوح و کیتابێ

نالی لە ڕێگەی ئەو بەیتەوە، لەگەڵ ئەوەی پاشگەزدەبێتەوە لە باسکردنی بابەتی (شەیتانی بوون)هکەی، ئامادەکاری دەرچوون بۆ بابەتێکی تریش دەکا، کە خەمی مرۆڤایەتی و چینی هەژارو ژێر دەستەیە، کە ئەو بە دەربڕینی (دەروێش و گەدا) ئاماژەی بۆکردووە، پێی وایە ئەگەر خەو و خەیاڵ بیوونایە بە ڕاستی ئەوا خەوی لەو جۆرەشم هەیە، وەك ئەوەی دەڵێ:

تەحریری خەیاڵ و خەو ئەگەر بێتە حیسابێ
دەروێشو گەدا شاه، شاه دەبێ گەدابێ

نالی هەرلەچوارچێوەی ئەو دەقەیداو لە کۆتا بەیتیدا(49)، بابەتێکی تریش دەهێنێتە ناوەوە. لەوێدا شاعیر بە پێویستی زانیوە بگەڕێتەوە بۆ سەر ڕێی ڕاست و لەجیاتی شتی بێسوودو ئارەزووبازی، باشتروایە ڕوو لە خوا بکات و دڵی ئەو بەدەست بهێنێت:

واچاکە خەیاڵ و خەوت ئەسراری هودا بێ

نەك بەحری سروورو عەلەم و بادی هەوا بێ

کەواتە دەتوانین بڵێین: (نالی) بە مەبەست و زۆر وریایانە چەند بابەتێکی جیاوازی لە چوارچێوە دەقەکەیدا کۆکردۆتەوەو، نەشی هێشتووە یەکێتی بابەتەکەی تێکبچێت، بۆ ئەمەش پشتی بە بەیتی(47)ی قەسیدەکە: (نالی وەرە هەزلێکی کە عاری شوعەرا بێ) بەستووەو،(جوانی دەرچوون)ی هێناوەتە ناوەوە. لە بەیتەکانی(48 و 49)شدا پشتی بە دەربڕینەکانی (خەیاڵ و خەو) بەستووە، ئەمەش بە ئاگاییەکی زۆرەوە بووەو توانیویەتی لەو ڕێگەیەوە، بەیتی یەکەم و کۆتایی قەسیدەکە بەیەکەوە ببەستێتەوەو، لەلایەکەوە لەبابەتی قەسیدەکەداو، لەلایەکی تریشەوە لە ڕووی لایەنی دەروونی قەسیدەکەشەوە، یەکێتییەکی بەهێز درووست بکات.

لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانین بڵێین تەواوی ئەو دەقانەی سیماو بنیاتێکی (کلاسیك)یانەیان هەیە، توانیویانە یەکێتی بابەتیان تیا پارێزراوبێت، چونکە لەبەرامبەردا، تاقیکردنەوەی زۆری کلاسیکیمان هەیە، کە شاعیرەکانمان نەیان توانیوە یەکێتی بابەتی تێدا بەدی بهێنن، هۆکاری ئەمەش بەبۆچونی (دوکتۆر دڵشاد عەلی) :"لەلای شاعیرە کلاسیکییە کوردەکانمان، زۆرجار ئاگامی لاساییکردنەوەو شوێن پێ هەڵگرتنی یەکتری بووە. نەك ئەنجامی کۆکردنەوەی کۆمەڵێك تاقیکردنەوەی ڕاستەقینەی خۆی لەیەك هەڵبەستا"[43] . لەو چوارچێوەیەشدا ئەگەر (ئەحمەد موختار جاف) وەربگرین، ئەوا کۆمەڵێك تاقیکردنەوەی شیعری لە (دیوانی شیعری) [44] یەکەیدا دەبینین، کە یەکێتی بابەتیان تێدا نییە و ئاکامی لاساییکردنەوەی شاعیرانی کلاسیکی پێش خۆیەتی. لەو دەقانەش (من کە کوردم... ل88، سەیری ئەم بەختی ڕەش و... ل122، چارشێوی هەڵبڕی... ل150، بۆچ زەمانە... ل154). ئەمانە نموونەی ئەو دەقانەن، کە شاعیر لە یەکێتی بابەت لایداوەو، بەبێ ئەوەی لەبابەتی یەکەمەوە زەمینەسازی بۆ چونە سەر بابەتی دووەم بکات، زیاتر لە بابەتێکی تێکەڵ بە یەکتری کردووە. وەك ئەوەی لە دەقی (بۆچ زەمانە...)دا، دەڵێ:

بۆچ زەمانە لەگەڵما مەیلی غەداری هەیە

بۆچ فەلەك دایم خەیاڵی مەردووم ئازاری هەیە

شاعیر بەو بەیتە دەست بە نووسینەوەی دەقەکەی دەکا و، تێیدا گلەیی لە (گەردوون) دەکا، بەوەی کە لەگەڵیدا خراپەو بەردەوام دەیەوێت مرۆڤەکان ئازاربدات و نەهامەتی بچێژن. بەڵام ڕاستەوخۆ لە بەیتی دووهەمەوە هەتا بەیتی شەشەمی دەقەکەی، بابەتەکە دەگۆڕێ بۆ بابەتی خۆشەویستی و گلەیی لە دڵدارەکەی:

زاڵمە بێ مروەتە خەسمی کەسانی عاقڵە

فیتنەیە ئەو کافرە هەر مەیلی خوێنخواریی هەیە

من نەخۆش و خەستەو و زارم لە ڕۆژێکۆ کەوا

چاوی مەخمووری نیگارم مەیلی بیماری هەیە

من خەیاڵی گەردنی ساقی و مەی و بادەم بەسە

خواجە هێند بێعەقڵە هەر دەردی جل و باری هەیە

تەرکی دین و مەزهەبم کرد من کە دیم زوڵفی نیگار

حەڵقە حەڵقەو پێچ پێچە شکڵی زوننارى هەیە

تەرکی کە توخوا ڕەفیقی زاهیدی بێ عەقڵ و هۆش

چونکە ئەو شێت و نەزانەعیللەتی ساری هەیە

شاعیر بەبێ ئەوەی هیچ حەڵقەیەکی پەیوەندی درووست بکات، لە بابەتی دووهەمی دەقەکە (خۆشەویستی) یەوە دەچێ بۆ بابەتی سێهەم، کە بریتییە لە بابەتی (قوربانیدان بۆ نیشتیمان)و دەڵێ:

خوێنی پاکی لاوی کوردانە ڕژاوە کێوو کەژ

بۆیە وا ئێستاکە سوورە، ڕەنگی گوڵناری هەیە

وەك دیارە شاعیر لێرەدا ڕووی لە بابەتێكی نەتەوایەتی كردووەو، هەر ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی كە لەوێدا جارێكی تر بنیاتی یەكێتی بابەتەكەی تێكبچێت، شاعیر زۆری لەخۆی كردووەو بەزۆر ئەو بابەتەی لەوێدا جێكردۆتەوە. سەرەڕای ئەوەش جارێكی تر شاعیر لە بابەتە نیشتیمانییەكە لادەدات و ڕوو لە بابەتی خۆشەویستی دەكاتەوەو دەست دەكاتەوە بەگلەی و شكایەت لە بەختی خۆی و یارەكەی:

بۆ دڵم خۆشبێ بە ڕەنگی ئەم بەهارەو وەسڵی ئەو
من موحەققەقە ئەمیش هەر شێوەكەی پاری هەیە
شێت و شەیدابە ئەگەر وەسڵی نیگارت مەتڵەبە
دوژمنی ئەو شەخسەبەوا بەختی هۆشیاری هەیە
دەستە ئەژنۆ قوڕ بەسەرگریانە پیشەی ڕۆژ و شەو
(ئەحمەد)ی بێچارە عەشقی شیوەن و زاری هەیە

بەبۆچونی ئێمە، شاعیر نەیتوانیوە یەكێتی بابەتەكەی بپارێزێت، چونكە هیچ دەربڕینێك لە نێوان بەیتی یەكەم و بەیتی دووهەمی غەزەلەكەدا نییە. هەر ئەو جۆرەی مامەڵەكردنەی شاعیریش لەگەڵ بنیاتی بابەتی دەقەكەی، دەمان گەیەنێتە ئەو بڕیارەی كە پێمان وابێت تەواوی دەقەكە ئاكامی تاقیكردنەوەیەكی ڕاستەقینەی خودی شاعیر نییەو، جۆرێكە لە لاساییكردنەوەی شاعیرانی كلاسیك. تەنیا لەو شوێنەدا نەبێت، كە شاعیر بە گوزارشت و دەربڕینێكی نوێوە ڕووی لە بابەتێكی نەتەوەیی سەردەمەكەی خۆی كردووە.
وەك ئەوەی لە پێشتریشدا ئاماژەمان پێكردووە، ئەم شێوازی مامەڵەكردنەی شاعیرانی كورد لەگەڵ بابەتی دەقەكانیان، ئەوە نەبێت، تەنیا پەیوەست بێت بە ئەو تاقیكردنەوانەی بنیاتێكی كلاسیكییانەیان هەیە، بەڵكو لەگەڵ هەنگاونانی شاعیرانمان بۆ نوێكردنەوەی شیعری كوردی، هەمان شێوازو گرفت ڕووبەڕووی تاقیكردنەوەكانیان بۆتەوە. واتە لەگەڵ ئەوەی ڕەخنەی قۆناغەكە پێی وابووە شیعری نوێ یەكێتی بابەتی لەخۆیدا بەدیهێناوە، بەڵام دەقیش هەیە، كە بە فۆڕم و ناوەڕۆكیش (بۆ سەردەمەكەی خۆیان (نوێ)ن و، كەچی ئەو یەكێتی بابەتەیان تیا بەدی ناكرێ، بەڵكو بەبۆچونی ئێمە زیاتر لە بابەتێك بە تێكەڵی وەرگیراوە. یان هەر یەك بابەتەو بەس یەكێتی تێدا نەپارێزراوە.
سەرەتا پێویستە ئاماژە بە چەند دەقێك بكەین، كە شاعیرانی نوێ زۆر بە وردی و بە جوانی، یەكێتی بابەتیان لە تاقیكردنەوەكانیان دا پاراستووە. لەو شاعیرانەش وەكو (گۆران و دیلان و كامەران...هتد). (گۆران) لەو شاعیرانەیە لە دەقەكانیدا گرنگییەكی زۆری بە یەكێتی بابەت داوە، لە دیارترینیشیان (ناڵەی بێكار، بوكێكی ناكام، بۆ سالم، بۆ گەورەیەكی شیعر دۆست...هتد) و لەلای (دیلان)یش دەقەكانی (بەهار، بۆ باڵدارەكان، سرودی من، مامە كوڕنوو...هتد) دەبینین. لەلای كامەرانیش گەلێك دەق دەبینین كە یەكێتی بابەتیان تێدا پارێزراوە، لەوانە (شەپۆلی زێڕ، كچەكەی بەرتیلە، هەڵبەستی من، دەفتەری كۆن...هتد).
كەواتە گومانی تێدا نییە، كە هەر قۆناغێكی شیعری كوردی بگری ڕێژەیەكی زۆر لەو دەقانە دەبینین، داهێنانیان تێدا كراوەو بوونەتە ناسنامەیەكی قوڵی خاوەنەكەی، چونكە ئەو بارودۆخە دەروونییەی بووەتە ژینگەی تاقیكردنەوەكە، پاڵپشتێكی بەهێزی ئەندێشەو خەیاڵی شاعیرانەیە، هەتا لەو ڕێگەیەوە ئەزموونە زۆرو بەرفراوانەكەی لە چوارچێوەی دەقەكەیدا جێ بكاتەوە. هەربۆیە كاتێك لە دەقێكی لەو شێوەیە ڕادەمێنین، دەبینین هیچ كام لە تاقیكردنەوەكان بەتەنیا نابێتە سەنتەری دەقەكەو، ناشتوانین هیچ كام لە تاقیكردنەوەكانی ناو دەقەكە جیا بكەینەوەو دایانبڕین لە یەكتری.
ئێمە سەرنجێك لە دەقی (مامە كوڕنوو)[45]ەكەی (دیلان) دەدەین. بە بۆچونی ئێمە یەكێكە لە دەقە هەرە جوان و ناوازەكانی شاعیر، كە شاعیر لە چوارچێوەی ئەو دەقەیدا چەندین تاقیكردنەوەی جیاواز، بەڵام گونجاوو ئاوێتەی یەكتری، جێ كردۆتەوە. (دیلان) لەوێدا ڕووی دەمی لە (ئەحەی كوڕنوو كەسایەتی دیاری شاری سلێمانی) كردووەو، لەو ڕێگەیەشەوە كانیاوی سۆزو هەڵچوونەكانی دەتەقێ و ڕوو لە چەندین وێنەی نوێ دەكا:

مامەكوڕنوو ڕاكشاوی گردەكەی سەیوانەكەم
سەر ڕەحەت، دڵ بێ گرێ گوێ شلكە بۆ داستانەكەم

لێرەوە گێڕانەوەی داستانە بە پێزو هەمەڕەنگەكەی (دیلان) دەست پێ دەكا و، دەچێتە ناو گرێوگۆڵی دەقەكەی و پارچەی بیركردنەوە و تێڕامانی ئێمە بە هەر لقێكی تاقیكردنەوەكانییەوە هەڵدەواسێ. یەكەمین تاقیكردنەوەش باسكردنی دیمەنی سرووشتی كوردستان و ئاوێتەكردنیەتی بە غەم و مەینەتی و گریانەكانی:

سەیرە بەزمە هەڵپەڕینە پڕ لە قاقاو پێکەنینە
نەعرەتەی گوێ کەڕ ئەکا، جۆش و کوڵی گریانەکەم
ئەرخەوان سورە، بەهارە، گوڵشەنە ڕازاوەیە
دەشت و کۆ ڕەنگین و پڕ شۆیە وەنەوشەی یانەکەم
خەرمەنی لالە لە کۆهساران و پێدەشت و نشێو
سوورترە لەو خوێنە باریوەی کوڵی گریانەکەم
دلبەران سرك و بەناز و ڕەوتی نەرم و ئێستاکە
سەد تووانج ئەگرێتە ئاهووی دەشتەکەی شێروانەکەم

دوای ئەوەی شاعیر دیمەنی کوردستانی دوای مردنی (مامە کوڕنوو) بۆ (مامە کوڕنوو) دەگێڕێتەوە، بەبێ ئەوەی هەست بە پچڕان بکەین، پاڵەپەستۆی دەروونی، شاعیر بەرەو بابەتێکی تر دەبات. داوا لە (مامە کوڕنوو) دەکا کە هەستێت و بەچاوی خۆی نیشتیمانی ئێستا (ئێستای دەق) تەماشا بکات و، ببینێ کە چەندێك جیاوازی لەگەڵ نیشتیمانی سەردەمەکەی خۆی هەیە. ئەو نیشتیمانەی هیوای سەرکەوتن و خۆشبەختی بۆ دەخواست و نەیدی، ئێستە سەربەست و ئازادە و هیوا و خۆزگەکان هاتوونەتە دی:

هەڵبڕە چاوی نوومایش تێر سەرنجی کورد بدە
وەك بەجێتهێشت وا نەماوە، شارەکەی جارانەکەم
ئەو بەهارەی تۆ بەجێت هێشت پڕ برینی تازە بوو
پڕ لە ئافاتی لە پڕ بوو، بۆ گوڵی ئینجانەکەم
ئەو گوڵەی ئاواتی کورد بوو، بێتە پشکگوون دەمێ
ڕای وەشێنێ بای شەماڵی نەرمی کوردستانەکەم

بەهۆی ئەو چەند بەیتەوە (دیلان) دەروونی خوێنەرەکەی ئامادە دەکا بۆ تاقیکردنەوەیەکی تر، ئەویش شکستهێنان و ڕووخانی دەسەڵاتی زۆرداریە و ڕێگربووە لە پێشکەوتن و ئاوەدانی، کە بەبۆچونی ئێمە مەبەست لێی (دەسەڵات و ڕژێمی دەرەبەگایەتی)یە، چونکە کۆدەکانی (ئارەق ڕشتن، بازوو وەشاندن، بێخەوی، خەرمان) گەنجینەی مەبەستی ئەو چەند بەیتەمان بۆ دەکاەوە:

ئەو کەسەی دەستی ئەنایە بێن و قورگی ئەو گوڵە
چنگی خوێناوی ئەنایە ناو دڵە پڕ ژانەکەم
ئێمە ئارەق ڕشتن، بازوو وەشاندن، بێخەوی
ئەو گڕو پشکۆی ژێر بنی خەرمانەکەم

سەرەڕای هاتنە دی خەون و خۆزگەکانی، بەڵام (دیلان) هێشتا گەشبین نییە، چونکە ئەو پێی وایە زاڵم و خراپەکارەکانی دوێنێ، حاکم و دەسەڵاتداری ئەمڕۆی شاعیرن و، خۆیان بە خاوەن و دوکتۆری ماف و برینی گەلی کورد دەزانن، ئەوەش بۆخۆی تاقیکردنەوەیەکی تری شاعیرە، کە زۆر شارەزایانە ئاوێتەی تاقیکردنەوەکانی تری نێو دەقەکەی کردووە:

ئێستە وا خۆی دائەنێ بۆتە فریشتەی ئاسمان
بۆتە دکتۆرو برینپێچی برینی گیانەکەم
مامە کوڕنوو چی بلێم زیاتر لەوەی (خاڵص) ئەڵێ:
(فێستو ڕێوی و مێزەرو مەیموونە سەیری بانەکەم
وەك وتم سەیرە لە بانە.. یا وەکو ناڵی ئەڵێ:
زیندەگیم تاڵە کە زەلکاو بێ تیمارخانەکەم

بەم شێوەیە نەك تەنیا هاوخەمی و یادی (دیلان) بۆ (مامە کوڕنوو)، بەڵکو گەلێك تاقیکردنەوەی تریش بەیەکەوە ئاوێتەبوون و (یەکێتی بابەت) یان لە دەقەکەدا بە بەهێزی هێشتۆتەوە. کەواتە لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵێکی زۆری تاقیکردنەوەی سەرکەوتووی شیعری (مامە کوڕنوو)مان، کە یەکێتی بابەتیان تێدا پاراستووە لەلای شاعیرانی قۆناغەکە هەیە، بەڵام لە بەرامبەریشدا دەتوانین بڵێین، تاقیکردنەوەی تریشمان زۆرە، کە یەکێتی بابەتیان تێدا پەیڕەو نەکراوە، یان هەوڵی پاراستنی نەدراوە، بۆ نموونە، ئەگەر سەرنج لە دەقی (شیوەنی گوڵاڵە)[46] ی (گۆران) بدەین، کە

له (20) دێڕ شیعر پێك هاتووه و، لەسەر (كێشی هەزەجی شەشی مەحزوف) و سەرواى مەسنەوى (هەر دوو نیوه دێڕو سەرواى وەك یەكیان هەیە و جیاوازن لەدێڕەكانی تر) بنیاتی ناوه، لەم دەقەدا شاعیر سۆزی دەروونی خۆی بەیاندەكا و باس لە ناڵە و هاواری دڵەی غەمگین و كۆستكەوتووی خۆی دەكا بە هۆی لەدەستدانی (گوڵاڵە)هوه:

كچم مایەیی ژیانم، یادگاری شەبابم نۆبەری شیرینی داری
غەرامی كەمدەوامی عومری لاویم دڵۆپی خوێنی گەرمی ئاگراویم
جگەرگۆشەی عەزیزم، نووری چاوم سەری تاڵە دەزووی ئامالی خاویم

........

ئەجەل داد! ئاسمان داد! عەرشی خوا داد! حەكیم،عیلمی بەشەر،دەرمان،دەوا داد!
كچێكم بوو، كچێ، تەنیا كچێ، بەس! ئەویشت ئاخری كوشت چەرخی ناكەس

لەدێڕی یەكەمەوه تا دەگاتە دێڕی هەشتەم كڵپەی دەروون و بارە خەماوییەكەی‌و، سووتانی ناخی بەردەوام دەبێت، بەڵام لە پڕێكاو وەك ئەوەی خودی (قەبر)، خۆی هاتبێ تاكە تاكی دۆست و كەسوكاری لێسەندبێتەوه، ڕوو لە قەبر دەكا و دەڵێ:

ئەی خاكی ڕەش ئەی چاڵی تاریك دڕندەی لاشە خۆری دایك و باوك
لەدەورت هەڵچنیم خوشك وبرا پاك كچێكم بوو ئەویشت كردە خۆراك

بەم شێوه لەباسی لەدەستدانی كچەكەیەوه، بێ ئەوەی وشە یان گوێزەرەوەیەك هەبێت، دێتە سەر باس و خواسی قەبر، هەرچەندە قەبر و باسی مردنی كچەكەی پەیوەندییەكی پتەوی بە یەكێتی دەروونی دەقەكەوه هەیە، بەڵام دوو بابەتی جیاوازن و تێكەڵكراون، وەك ئەوەی دەڵێ:

لەبەر یەك لوقمە، یەك پل گۆشتی مەعسووم منت بۆچ كرد لە نووری دیدە مەحرووم

دەزانین ئەم گفتوگۆیە لەگەڵ خاك (قەبر) دایە و ڕووكردنە بابەتێكە، كە لەبنەڕەتدا هۆكاری لەدەستدانی (گوڵاڵە) نییە، ئەم باسەش تادێڕی شازدەهەم بەردەوام دەبێت، پاشان دیسانەوه دەگەڕێتەوه سەر بابەتی یەكەم و وەك ئەوەی باسكردنی ،قەبر، شتێكی زیادە بێت لەنێو دەقەكەدا دووبارە ڕوو لە كچەكەی دەكاتەوه دەڵێ:

كچم خۆ تۆ نەماوی تا ببینی كە باوكت چەند بەناسۆرە برینی
نە تۆی پێ دێتەوه نە عەقڵی دەبیرێ لەسەر تۆ كام یەخە كام ئەستۆ بگرێ
كچم تەنیا گوڵم، نەشئەی ژیانم دڵی شادم، تروسكەی چاوەكانم،
كچم، ڕوحم، كچم، هەی هات! هەی هات! چ كۆچێ بواچ كۆچێ؟ وا كش و مات؟!

لێرەوه دەزانین باسكردنی قەبر هۆیەكی دەروونی بوو لەنێو شیعرەكەدا شاعیر هێنایە گۆڕێ، ئەگینا خۆ دەبوو مردنەكەی لە ئەستۆی قەبر دانایە. بەم شێوه تاكۆتا دێڕی دەقەكە باس لەو بارە دەروونییە نالەبارەی خۆی بۆ لەدەستدانی كچەكەی دەكا، بۆیە بەلامانەوه دێڕی نۆهەم تا دەگاتە دێڕی شازدەهەم باسێكە ئاخێنراوەتە نێو باسی یەكەمەوه، هەڵگرتن و لادانی ئەو هەشت دێڕە هیچ لە كۆی دەقەكەو واتاكەی كەم ناكاتەوه، بەڵكو بەو شێوەیە، دەیتوانی یەكێتی بابەت لە دەقەكەیدا بپارێزێت.

(كامەران موكری)ش، لەدەق (پەنجەی تەزیو) [47] دا، كە (22) دێڕە، بنیاتی دەقەكەی لەسەر كێشی (دە بڕگەیی) و سەرواى مەسنەوی داناوه، دوو بابەتی لە بنیاتی دەقەكەدا تێكەڵ بە یەك كردووه، لەبابەتی یەكەمدا وەك بییەوێ پەسنی سروشتی ڕەنگین و كاتی بەفرباریں و توانەوەی بكات، دەست دەكا بە گێڕانەوەی دیمەن و ڕووداوەكانی ناو دەقەكەی دەكا و دەڵێ:

زەردەپەری كاڵی زێڕین
ئەتوێتەوه دەشتی بەفرین
تۆپەڵی بەفر لەسەر چڵ
لەپڕ ئەرژێتە جەرگی گڵ

ئەم باسەی بارینی بەفرو سپیکردنی داروردەخت وکەژوکێو و سروشت، تادێری شەشەم بەردەوام دەبێت، کەدەڵێ :

تاوێك ڕەهێڵەیە بەتین
دەمێك بەگوڕ بەفر بارین

دواتر و لەدێری حەوتەمەوە وەك بڵێی دەسپێکی دەقێکی نوێ بێت، دێتە سەر باسی چیرۆکی منداڵێك بەناوی (هیوا)، کە دایك و باوکی لەدەست داوەو، بەهەژاری ژیان دەگوزەرێنێ. بێ لانەوجێیی ئەو منداڵە لەبەر نەبوونی پەناگەیەك و، شك نەبردنی کەسوکار و مانەوەی لەدەرەوە و لەبەر سەرما، وای لێدەکا کە گیان بسپێرێت، وەك لە گێڕانەوەکەدا دەبینین هۆکاری گیانسپاردنی ئەو منداڵە تەنها سەرما بوون و مانەوەی نییە لەدەرەوە، بەڵکو نەبوونی بژێوی و پەناگە لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە درەنگ پێگەیشتنی کەسانی هەڵوێستدارە لەبارێکی وادا، بۆیە دەڵێ:

دوای هەناسەیە ڕێبوارێ
تێئەپەڕێ و پیا ئەنوارێ
هەڵی ئەگرێ و ئەڵێ فەرموو
ئەمشەو لای مامی خۆت بنوو
بەڵام ئاخ پاش چی تازە مرد
چاوەڕێی پرشنگی ئەکرد

لێرەدا کە کۆتایی دەقەکەیە ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە، کۆی دەقەشیعرییەکە باسی چیرۆکی مردنی منداڵێکی هەژارە، نەك بەفربارین و داپۆشینی سروشت بێت بە بەفر، هەرچەندە تەزین و هەڵلەرزین و سەرما و سۆڵە پەیوەندی بەمردنی منداڵەکەوە هەیەو پەیوەندییەکی دەروونی لەنێوان هەردوو باسەکەی نێو ئەم دەقەدا بەڕوونی دەبینین، بەڵام ئەوەندە هەیە شەش دێری یەکەم (باسی یەکەم) لەشیعرەکەدا دەربهێنین و چیرۆکی منداڵەکەو نەبوونی کەسوکارو مانەوەی لەدەرەوە و ڕەقبوونەوە و بەهاناوە نەچوونی لەلایەن کەسانی ترەوە، باسێکی بێ کەموکورتی دەبوو، چونکە لەنێو باسی دووهەمدا بەدێڕێك ئاماژە بەهەڵلەرزین و سەرمابوونی (منداڵ)هکە دەکا و دەڵێ:

ئەندامی ورد، لەشی، گەردن
هەموو لەگەڵ یەك ئەلەرزن

ئەم هەڵلەرزینەش لەڕووی دەروونییەوە پەیوەندی بەباسی بەفرەوە هەیە، بەڵام ناکاتە ئەوەی شاعیر لەبەرئەوەی باسی مردنی منداڵێك بکات بەکۆمەڵێك هۆکار کەیەکێکیان سەرما بێت، ئەو بێت و لەچەند دێڕێکدا وەسفی بەفربارین بکات.

کەواتە ئەو بنەماو پێوانە ڕەخنەییەی، تێڕواینە ڕەخنەییەکانی ئەم قۆناغەی لەسەر بنیاتنراوە، کە بەشێوەیەکی گشتی پێی وابوو، شیعری کۆنی کوردی بەهۆی یەکێتی (کێش و سەروا)وە نەیتوانیوە (یەکێتی بابەت) بەدی بهێنێت و لە بەرامبەریشدا شیعری نوێ توانیویەتی ئەو یەکێتییە لە خۆیدا بەدی بهێنێت، درووست نییەو نازانستیانەیە، بەڵکو ئەو تێڕوانینە ئاکامی سەرنجێکی گشتی و ڕاگوزەرە، چونکە لە هەردوو قۆناغی شیعری (کۆن و نوێ)شدا، تاقیکردنەوەی شیعری هەیە کە بە تەواوی یەکێتی بابەتی بەدی هێناوە. لە هەمان کاتیشدا، تاقیکردنەوەشمان هەیە کە نەیتوانیوە ئەو یەکێتییە بەدی بهێنێت. ئەمەش بۆخۆی پەیوەندی بە یەکێتی (کێش و سەروا)وە، نەبووە. بەڵکو ئاکامی توانای داهێنەرانەو تاقیکردنەوە خودییەکان بووە.

**ئەو ئەنجامدانەی، کە لە ڕێگەی ئەم توێژینەوە پێی گەیشتووین:**

1.-ڕەخنەی کوردی بە هۆی کاریگەربوون بە ڕەخنەی عەرەبی (یەکێتی بابەت)ی لە قۆناغی نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا گەنگەشەکردووەو، گەیشتووینەتیشە ئەو ئەنجامەی، ڕەخنەی ئەو قۆناغە نەیتوانیوە بە شێوەیەکی زانستی بۆ چەمکی (یەکێتی بابەت) بڕوانێت، بەڵکو زیاتر چەمکەکەی ئاڵۆزکردووە.

2.-ڕەخنەی کوردی وەکو ڕەخنەی عەرەبی، لە دیاریکردنی چەمکی (یەکێتی بابەت)دا کەوتۆتە هەڵەوە. هەروەها (یەکێتی بابەت)یان بە خاڵی جیاکردنەوەی شیعری کۆن و نوێ دیاریکردووە هەر ئەوەش وای لێکردوون کە جارێکی تر بکەونە هەڵەوە. ئەوە لەکاتێکدا لە شیعری کۆن و نوێشدا، دەق هەیە یەکێتی بابەتی تیادا پەیڕەو نەکراوەو بە پێچەوانەشەوە درووستە.

3.-یەکێتی کێش و سەروا نابێتە ڕێگر لەبەردەم ئەوەی شاعیر بیەوێت یەکێتی بابەت لە دەقەکەیدا بپارێزێت. بەڵکو تاقیکردنەوەی شیعری سەرکەوتوومان هەیە، کە پەیڕەوی یەکێتی کێش و سەروای کردووەو (یەکێتی بابەت)یشی پاراستووە.

4.-مەرج نییە لە هەموو تاقیکردنەوەیەکی سەرکەوتوودا یەکێتی بابەت هەبێت، بەڵام پێویستە یەکێتی دەروونی هەبێت

## پەراوێزەکان

* لێرەدا مەبەستمان لە یەکێتی سەروا (وحدة القافية)یە، کە ڕەخنەی عەرەبی ئیسلامی بەتایبەتی تا قۆناغی یەکەمی شیعری عەباسیش وەك پێوانەیەکی سەرکەوتووی شیعر تەماشای کراوە.

** لێرەدا مەبەست لە ڕەخنەی ئەدەبی گەلانی ناوچەکە (عەرەبو تورکو فارس)ە، کە ئەوانیش بە ڕەخنەی نوێی ئەوروپی کاریگەربوون، بەڵام ڕۆشنبیری شاعیرانو ڕەخنەگرانی کورد لە ڕۆشنبیری گەلانی هاوسێیەوە سەرچاوەی گرتبوو.

[1] - بڕوانە: هونەری شیعر، ئەریستۆ، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: د.محمد کەمال، چاپی یەکەم، چاپخانەو پەخچی سەردەم، سلێمانی، 2010، ل27.

[2] - کولردج، دکتور محمد مصطفى بدوى، الطبعة الثانية، دار المعارف، القاهرة، 1988، ل92.

[3] - فەرهەنگی ئەدەبی، د.موحسین ئەحمەد عومەر، ژمارەی چاپ ؟، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، 2012، ل310.

[4] - النقد الادبي الحديث، دزمحمد غنيمي هيلال، دار نهضة مصر للطباعة والنشر والتوزيع، 1997، ص402.

[5] - النقد والنقاد المعاصرون، د.محمد مندور، دار نهضة مصر للطباعة والنشر والتوزيع، 1997، القاهرة،ص112.

[6] - بڕوانە:: بناء القصيدة الفني في النقد العربي القديم والمعاصر، مرشيد الزبيدي، دار الشؤون العامة، وزارة الثقافة والاعلام، بغداد، 1994، ص89-90

[7] - في نظرية الادب من قضايا الشعر والنثر، الدكتور: عثمان موافي، الجزء الاول، دار المعرفة الجامعية، 2000 ص47.

[8] - أدباء العرب في الجاهلية وصدر الإسلام، بطرس البستاني، دارمارون عبوود، ص41.

[9] - العمدة في محاسن الشعر و ادابه و نقده، ابن رشيق، محمد محي الدين، جزء الاول، ط5، دارالجيل، 1981، ص217.

[10] - الصناعتين، أبا هلال العسكري، تحقيق: على محمد البجاوى و محمد ابوو الفضل، ط1، داراحياء الكتب العربية، 1952، ص443..

[11] - چەمکی داهێنان لە تێڕوانینی شاعیرانی کورد دا، (کرمانجی خواروو (1920-1970)، دیلمان قادر أحمد، زانکۆی سلێمانی، 2017.

[12] - عيار الشعر،ابن طباطبا، أبي طباطبا، تحقيق:د.عبدالعزيز ناصر، دارالعلوم، مملكة العربية السعودية، 1985، ص131.

[13] - في نظرية الادب من قضايا الشعر والنثر.. جزء الاول، ص54.

[14] - الشعر والشعراء، ابن قتيبة، تحقيق: احمد محمد شاكر، جزء الاول، دار الحديث، القاهرة، 1958، ص90.

[15] - العمدة، مجلد1، ص261.

[16] - تاريخ النقد الادبي عند العرب (نقد الشعر من القرن الثانى حتى القرن الثامن الهجرى)، د.اسان عباس، ط2 دار الثقافة، بيروت- لبنان،1978، ص250.

[17] - حلية المحاضرة فى صناعة الشعر، لابي علي محمد بن الحسن بن الظر الحاتمى، تحقيق د.جعفر الكنانى، دار الحربية للطباعة 1979، ص215.

[18] - محاضرات فى تاريخ النقد عند العرب، د.ابتسام مرهون الصفار و د.ناصر حلاوي، ط2، دار الكتب للطباعة والنشر، جامعة الموصل، 1999، ص281.

*** لە ڕاستی دا ئەو هەوڵەی کە ڕەخنەی کۆنی عەرەبی داویەتی بۆ پێکهێنانوپاراستنی یەکێتی کێشو سەروا، بۆ ئەوەبووە لەگەڵ پاراستنی یەکێتی واتا، بتوانن یەکێتی قەسیدە بەدی بهێنن. ئەمە لەکاتێکا وەرگرو شیعردۆستانی ئەوکاتە چێژو گرنگییان بە تاکە بەیتی قەسیدەوە بەستبۆوە. تاريخ النقد الادبي والبلاغة حتى القرن الرابع الهجرى: دكتور: محمد زغلول سلام، معارف الاسكندرية، 2002، ص34.

[19] - قضايا النقد الادبي، د. بدوى طبانة، دار المريخ للنشر، الرياض، 1984، ص85.

[20] - ديوان خليل، خليل مطران، جزء الاول، دار الهلال، القاهرة، 1949. ص9.

[21] - بروانە : الثابت والمتحول(صدمة الحداثة)، ادونيس، ط 1، دار العودة، بيروت، 1978، ص83-84.

[22] - النقد الادبي الحديث، د.محمد غنيمي هيلال، ص383.

[23] - حديث الاربعاء، د.طه حسين، مجلد 1،الطبعة الرابعة العشرة، دار المعارف، القاهرة.ص19.

[24] - بروانە : حديث الاربعاء، د.طه حسين، ص31

[25] - دانیشتنێك لەگەڵ –گۆران-دا، عبدالرزاق بیمار، گۆڤاری (بەیان)، ژمارە (2)، شوباتی 1970، ل3.

[26] - (عەبدولڕەحمان بەگی نفووس)و شیعری نوێی کوردی 1878-1967، سۆران مەحوی، (ئۆڤاری ئۆتۆنۆمی)، ژمارە (55)، ساڵی دوازدەیەم،1987،ل75.

[27] - بڕوانە: ئەدەبیاتی کوردی، م.نوری، ڕۆژنامەی (ژیان)، ژمارە (37)، 15- تشرین اول- 1926، ل1.

[28] - ئەدەبیاتی کوردی، م.نوری، ڕۆژنامەی (ژیان)، ژمارە (37)، 15- تشرین اول- 1926، ل1.

[29] - سەرنجێکی سەرپێیی لە ئەدەبی کوردی، (الف)، ڕۆژنامەی (ژین)، ژمارە (1256)، ساڵی (30)، (5) شەممە 7-7-1955، ل8،1.

[30] - ئەدەبی نوێی کوردی –بەشی یەکەم: هۆنراوەی کۆنو نوێ، ساجد ئاوارە،ڕۆژنامەی(ژین)،ژمارە(1693)،ساڵی(37)،(5)شەممە 13-9-1962، ل4.

[31] - بڕوانە: شیعر لە کۆنو تازەدا، نەسرین فەخری، ڕۆژنامەی (ژین)، ژمارە (1318)، ساڵی (31)، پێنج شەممە 25-10-1956، ل6.

[32] - شیعرو ئەدەبیاتی کوردی، ڕەفیق حیلمی، چاپی دووەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، 2010، ل212.

[33] - چۆن چۆنی لە کۆنو نوێی شیعر ئەدوێین،کاکەی فەلاح، ڕۆژنامەی(ژین)، ژمارە(112)،ساڵی(3)،چاپخانەی کاکەی فەلاح، پێنج شەممە 1973/5/17،ل1،6.

[34] - کۆنیو تازەیی لە هەڵبەستا، گۆران، گۆڤاری (هیوا)، ژمارە (31)، ساڵی (4)، کانوونی دووهەمی 1961، ل7،8.

[35] - پێگەی شیعری کلاسیکی کوردی لە ئەدەبی ڕۆژهەڵاتدا، د.دڵشاد عەلی محمد، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، (2016 vol3 No 6)، ل44.

[36] - هەر ئەو سەرچاوەیە، ل44.

[37] - لەگەڵ کامەران دا، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (16)، 1970، ل4.

[38] - بڕوانە: هۆنراوەی نوێ، ناکام، سلێمانی، 1959.

[39] - کامەران و هۆنراوەی نوێ، محمد چدیق عارف، چاپخانەی مەعاریف، بەغداد، 1958،ل56.

[40] - هەر ئەو سەرچاوەیە ل57.

[41]- سیمای داهێنان لە هۆنراوەکانی کامەران دا، دڵشاد عەلی، گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ)، ژمارە (125)، بەهاری 1990، ل122.
[42]- دیوانی نالی،لێکۆڵینەوەولێکدانەوەی مەلاعەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتیح عەبدولکەریم،چاپخانەی انتشارات کردستان،سنە،1387. ل610.
[43] بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا، دکتۆردڵشاد عەلی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، 1998.ل60.
[44]- دیوانی ئەحمەد موختار جاف، امادەکردنی عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، پاپخانەی الادیب، بەغداد، 1986.
[45]- دیوانی محەمەد ساڵح دیلان، دکتۆر عەبدوڵلا ئاگرین، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر، 2013، ل206.
[46]- دیوانی گۆران، عەبدوڵلا گۆران، محەمەدی مەلاکەریم، چاپی سێهەم، پاپخانەی دالاهۆ، تهران، 1386، ل99.
[47]- دیوانی کامەران موکری، ئامادەکردنی دکتۆر عەبدوڵلا ئاگرین، چاپی دووەم، چاپخانەی ؟، هەولێر، 2013.ل55.


**لیستی سەرچاوەکان:**

**کتێبی کوردی :**

1. بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا، دکتۆردڵشاد عەلی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، 1998.
2. دیوانی ئەحمەد موختار جاف، ئامادەکردنی: عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، چاپخانەی الادیب، بەغدا، 1986.
3. دیوانی کامەران موکری، ئامادەکردنی دکتۆر عەبدوڵلا ئاگرین، چاپی دووەم، چاپخانەی ؟، هەولێر، 2013.
4. دیوانی گۆران، عەبدوڵلا گۆران، ، چاپی سێهەم، چاپخانەی دالاهۆ، تهران، 1386.
5. دیوانی محەمەد ساڵح دیلان، دکتۆر عەبدوڵلا ئاگرین، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر، 2013، ل206.
6. دیوانی نالی،لێکۆڵینەوەولێکدانەوەی مەلاعەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتیح عەبدولکەریم،چاپخانەی انتشارات کردستان،سنە،1387.
7. شیعرو ئەدەبیاتی کوردی، ڕەفیق حیلمی، چاپی دووەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، 2010.
8. فەرهەنگی ئەدەبی، د.موحسین ئەحمەد عومەر، ژمارەی چاپ ؟، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، 2012.
9. هونەری شیعر، ئەریستۆ، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: د.محمد کەمال، چاپی یەکەم، چاپخانەو پەخچی سەردەم، سلێمانی، 2010.
10. هۆنراوەی نوێ، ناکام، سلێمانی، 1959.
11. کامەران و هۆنراوەی نوێ، محمد چدیق عارف، چاپخانەی مەعاریف، بەغداد، 1958.

**کتێبی عەرەبی:**

11. ادباء العرب في الجاهلية وصدر الإسلام، بطرس البستاني، دارمارون عبوود، بدون سنة.
12. بناء القصيدة الفني في النقد العربي القديم والمعاصر، مرشيد الزبيدي، دار الشؤون العامة، وزارة الثقافة والاعلام، بغداد، 1994.
13. تاريخ النقد الادبي عند العرب (نقد الشعر من القرن الثانى حتى القرن الثامن الهجرى)، د.اسان عباس، ط2 دار الثقافة، بيروت- لبنان،1978.
14. تاريخ النقد الادبي والبلاغة حتى القرن الرابع الهجرى: دكتور: محمد زغلول سلام، معارف الاسكندرية، 2002.
15. الثابت والمتحول(صدمة الحداثة)، ادونيس، ط 1، دار العودة، بيروت، 1978.
16. ديوان خليل، خليل مطران، جزء الاول، دار الهلال، القاهرة، 1949.
17. [47]-الشعر والشعراء، ابن قتيبة، تحقيق: احمد محمد شاكر، جزء الاول، دار الحديث، القاهرة، 1958.
18. حديث الاربعاء، د.طه حسين، مجلد 1،الطبعة الرابعة العشرة، دار المعارف، القاهرة.
19. حلية المحاضرة فى صناعة الشعر، لابي علي محمد بن الحسن بن الظر الحاتمى، تحقيق د.جعفر الكنانى، دار الحرية للطباعة 1979.
20. الصناعتين، أبا هلال العسكري، تحقيق: على محمد البجاوى و محمد ابوو الفضل، ط1، داراحياء الكتب العربية، 1952.
21. العمدة في محاسن الشعر و ادابه و نقده، ابن رشيق، محمد محي الدين، جزء الاول، ط5، دارالجيل، 1981.
22. عيار الشعر،ابن طباطبا، أبى طباطبا، تحقيق:د.عبدالعزيز ناصر، دارالعلوم، مملكة العربية السعودية، 1985.
23. قضايا النقد الادبي بين القديم والحديث، د.محمد زكى العشماوى، دار النهضة العربية، بيروت، 1979.
24. قضايا النقد الادبي، د. بدوى طبانة، دار المريخ للنشر، الرياض، 1984.
25. محاضرات فى تاريخ النقد عند العرب، د.ابتسام مرهون الصفار و د.ناصر حلاوي، ط2، دار الكتب للطباعة والنشر، جامعة الموصل، 1999.
26. النقد الادبي الحديث، د.محمد غنيمي هيلال، دار نهضة مصر للطباعة والنشر والتوزيع، 1997.
27. النقد والنقاد المعاصرون، د.محمد مندور، دار نهضة مصر للطباعة والنشر والتوزيع، 1997.
28. في نظرية الادب من قضايا الشعر والنثر، الدكتور: عثمان موافى، الجزء الاول، دار المعرفة الجامعية، 2000.

**ڕۆژنامە:**

29. ڕۆژنامەی (ژیان)، ژمارە (37)، 15- تشرين اول- 1926
30. ڕۆژنامەی (ژین):
- ژمارە (1256)، ساڵی (30)، (5) شەممە 7-7-1955.

- ژمارە (1318)، ساڵی (31)، پێنج شەممە 25-10-1956.
- ژمارە(1693)،ساڵی(37)،(5)شەممە 13-9-1962.
- ژمارە(112)،ساڵی(3)،چاپخانەی کاکەی فەلاح، پێنج شەممە 1973/5/17.

31. ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (16)، 1970.

گۆڤار:

- گۆڤاری ئۆتۆنۆمی، ژمارە (55)، ساڵی دوازدەیەم،1987.
- گۆڤاری بەیان، ژمارە (2)، شوباتی 1970.
- گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ)، ژمارە (125)، بەهاری 1990,
- گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، .(vol3) No 6 (2016)
- گۆڤاری (هیوا)، ژمارە (31)، ساڵی (4)، کانوونی دووهەمی 1961.

نامەی ئەکادیمی: دیلمان قادر أحمد، چەمکی داهێنان لە تێڕوانینی شاعیرانی کورددا (1920-1970) ماستەرنامە (بڵاونەکراوە)، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی،2017.